# شوێنێکی تری جەنگ

دڵشاد عەبدوڵڵا

www.dengekan.com

## باخچەیەک لە تاریکیدا !

شیعر کۆکردنەوەی پاشماوەکان نییە

لێم مەپرسن، چیم دەوێ؟ هێشتا لافاو نەنیشتۆتەوە
مەپرسن، دەچمە کوێ؟ لە ناوەڕاستی زەریادام.
سەت هێندەی وڵاتی خۆم غەریبم!
چل ساڵە دەئەزموونێم کەچی دەڵێی تازە لەدەرگا گاڵەدراوەکان دەدەم؛ بیکەنەوە.
ڕەخنەگر و ئەکادیمیاکان، کێ بەئاگایان دێنێ؟
چل ساڵە و هەمان دەستەواژەم لەسەر ژوورەکەم هەڵواسیوە : " کەمینە گرنگە " !
چل ساڵە فەرهادی قوڵنگ وەشێنی کێوی زمانم، کەچی هێشتا نیگەرانیم نەنیشتۆتەوە لەگەڵ هاوزمانم!
بەو نیگەرانییەوە دەگەڕێم بۆ کەسێکی گەردوونی!
کەسی گەردوونی کێیە؟ نووح یان ئەوانەی لەناو کەشتیەکەدان ؟
ئەوانەی گەیشتنە سەرزەوی و ژیانێکی نوێیان دروستکرد، بێ ئەوەی باکراوندێکیان لەبارەی ئەو شوێنەوەهەبێ کەلێی نیشتنەوە، یان نووح کەڕاستی لافاوی دی بەرلەوەی ڕوویدا؟
گەردوونیبوون جیهانبینی و بەرپرسیارەتییە .
چل ساڵەو دەیان جار گلاوم بۆ هەستانەوەیەک.
چل ساڵەو دەیان خاچ هەڵیواسیوم و باوەشێک نەیهێنامە خوار.
دەیان لافاو هەڵیبریوم، شەپۆلێک نەیگەیاندمە کەنار.
باخچەیەک لە تاریکیدا، ئەوە منم! هەمیشە سەرئامەد بە شیعر و بەس.

*

ناتوانی ژیانی شاعیر لەبەرهەمەکانی دەرهاوێژیتە دەرەوە، هەرچەند شیعر سیفەتی ئاوێنەی نییە بەڵکو مەوشوورییەو ئەوەی تێیدا دەردەکەوێ ئەوە نییەکەهەیە. بەو تێگەیشتنەوە شیعرم گواستەوە بۆ ( ناکەس) . بەو واتایەی لەڕاستەوخۆیی دوورکەوتمەوە بۆ قووڵایی، قووڵایش بە هەموو بایەک ناجووڵێ .
ماوەیەکی زۆری ژیانم لەگەڕەکێکدا دەژیاین کە زۆربەی خەڵکەکەی لەچینی مامناوەند بوون، هەر خێزانەو لەناوچەیەکەوە هاتبوو، بەشێکیان خۆشناوبوون، حەزم لە شێوەئاخاوتنیان بوو. دایکم ڕەگەکی لەوانە، بەڵام خێزانی ئێمە شارستانە وگوێی نەداوەتە هۆزوعەشیرەت. ماوەیەک بیرم لەوەدەکردەوە بەو شێوەناوچەییە شیعر بنووسم، ئەم بیرکردنەوەیە سەرچڵی نەبوو، ئەو ئاسانکارییەی لەشێوە ئاخاوتنی ئەواندا هەیە ڕەنگە

بۆ ئاهەنگی شیعر جوان بکەویتەوە. جگە لەمەش ڕەنگە ئەم هەڵبژاردنە پەرچەکردارێکی نەستیی بووبێ لەبەرانبەر ئەو ڕیتمە سواوەی لەشیعری کوردیدا هەبوو. خوێنەری کورد لەڕووی ئەزموونەوە کەمتوانایە بۆیە هەر دەرچوونێک وەکو دژایەتی لێک دەدرێتەوە، ئەم هۆیە بەربەست بووە لەبەردەم زۆر پرۆژەی ئەدەبیدا. هەرچەند دڵنیام ئەگەر خۆم زۆر مکوڕبام وا بەئاسانی دەستبەرداری بیرکردنەوەکە نەدەبووم . لەشیعرەکانی بەراییمدا بە سنوورداری ئەم هەوڵە ڕەنگی داوەتەوە. لە لاوک و حەیراندا هەمان زمان هەیە. دواتر هێمن وهەندێک نووسەری کوردی ڕۆژهەڵات شێوەی موکریانیان هێنایە ناو نووسین و بەشێک لەئەدیبانی ناوچەی سلێمانی بەکاریشیان هێنا. لای میللەتانیش ئەم جۆرە ئەزموونە هەیە، چما ڕامبۆ بەزمانی ستاندار شیعری نووسیوە؟

گەرەکەکەمان زۆربەی خەڵکەکەی خۆپاریزبوون، ژنێک هەبوو جلی کورت وبێقۆڵی دەپۆشی و سەربەستانە لەبەردەرگای ماڵەکەیان دەوەستا، لەناو هەموو ژنەکاندا جێگەی سەرنجم بوو ، نەمدەزانی بۆ؟ دواتر تێگەیشتم کە جوانی ئەوژنە و جیاوازییەکەی ئەو ئازادییە بوو کە لەشێوەی جلپۆشینیدا هەبوو. ئەدەبیش جیاوازییە بەڵام لەئەدەبدا جیاوازی بەتەنیا بەس نییە ئەگەر تەکنیک وزمانی جیاوازی لەپاڵدا نەبێ. دەرچوون لەپۆل مەرجی ئەفراندنە دواتر شتی تر بەدوای خۆیدادێنێ.

هەمووجار کەبیر لەپرۆژەی تازە دەکەمەوە دەڵێم ، مەسیح بە تەنیا لەسەر سێدارەبوو!

واتا تاک هەردەم پێشڕەوە و کۆمەڵ دوای دەکەوێ، بەڵام دەرکەوتنی مەسیح لە بۆشاییەوە نەبوو، زەمینەی فیکریی و کۆمەڵایەتی هەبووە.

چل ساڵ پێش ئێستا کەدەستم بەنووسین کرد، سەرەتایەکی ئاساییم هەبوو وەکو هەر گەنجێک کە خولیاو حەزێکی دیاریکراو دەیبا بۆ لای شیعر. بەڵام کاریگەری خوێندنەوەی زۆر زوو دەربازی کردم لەو سەرەتایە. دوای چەند ساڵێک بێدەنگی لە بڵاوکردنەوە، دەمویست لەڕێی دەقی قورسەوە خۆم بناسێنم. قەسیدەی " گورگ " کە دواتر بوو بە هەوێنی قەسیدەی " سووتانی ڕەنگەکان " بوو بە سەرەتای ئەو ناساندنەم . لەوێ بەشێک لەزمانی جوداو ڕیتمی جوداو هەناسەی شیعری جودا هەیە. ئەم هەوڵەم دەرچوون بوو لەو ڕیتمە باوە سواوەی لەشیعری کوردیدا هەبوو. قەسیدەی پەخشان کە پێشتر هەندێک هەوڵی تر هەبوو بەو ئاراستەیە، بۆ من بوو بەو چوارچێوە هونەرییەی شیعری خۆمی تێدا نیشان بدەم. ڕستەی شیعری چڕ و ئاوێتەی فرەمانا، چڕکردنەوەی وێنەکان لەڕێی بەکارهێنانی ئەفسانە بۆ قووڵکردنی ساتەکانی ئێستا، بە پێچەوانەشەوە ئێستا بۆ دوورایی ئەفسانەیی. لەم ئەزموونەدا هەموو هەوڵێکم بۆ شیعرییەت بوو، چونکە شیعر ئەگەر شیعرییەت لەدەست بدا بۆ هەر مەبەستێک با زۆرگرنگیش بێ کلۆر دەبێ.

پێش شیعر هیچ شتێکی ترنییە، بەو مانایەی شیعر لەبیرۆکەی ئامادە دروست نابێ، هەموو ئەو شیعرانەی کە بۆ هەر بیروباوەڕێک خیانەت لە شیعرییەت دەکەن ژیانیان کورتە. شیعرییەت سنوور بەزێنە.

*

شیعر لای میللەتان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەشێکی کتێبە ئاینییەکان بەشیعر هۆنراونەتەوە، گاتاکان و کتێبی یارسان نموونەی ئەوجۆرە کتێبانەن. سەرەتای شیعری کوردی ئەگەر وەکو شێوە ئاخاوتنی جوان و دەربڕینی بیروباوەڕی ئاینیش بچێتەوە سەر ئەم دوو کتێبە، بەڵام شیعری کوردی وەکو دەقی هونەریی لە بابا تاهیری هەمەدانییەوە یان لەمەلای جزیرییەوە دەستپێدەکا. ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەو ئاراستەیەیە کە گەشەی تێداکردووەو بۆتە ناسنامەی، ئەویش ئەو شیعرەیە کەبەشێوەزای کرمانجی ناوەڕاست نووسراوە. ئەم ئاراستەیە وانەبێ کارێکی ناتەندروست بێ بە پێچەوانەوە ئەدەبی هەموو میللەتان هەر ئەوها گەشەیان کردووە، کێماسی وخاڵی لاواز ئەوەیە کە پەردەی داداوە بەسەر شێوەزارەکانی تر ولێیان دوور کەوتۆتەوە. ئەم حاڵەتە خوێنەری داپڕیوە لەیەک وکاری نێگەتیڤی کردۆتە سەرنووسەران خۆیان وئەدەبەکەش، بەهەموو بارێکدا وای بۆدەچم کە پاشماوەی سیستمی خێڵەکی ئیمارەتەکان بێ بۆمان مابێتەوە .

*

تازەگەریی یەک مێژووی هەیە، هەر میللەتەو بە شێوەیەک وەریگرتووە و نەخشی خۆی پێداوە. کورد نە ئاوەزی ڕەخنەگرانەی هەبووە، نە بۆرجوازیشی شۆڕشی هەڵگیرساندووە، نە ( کانت ) و ( رۆپسپیر )ی هەبووە ( بە وتەی ئۆکتاڤیۆ پاز کە لە بارەی تازەگەری ئیسپانیاوە نووسیوویەتی ) و نەناوەندی بازاڕێکی بەهێزێشی هەبووە. سەرەڕای ئەمانە، هەژموونی بزووتنەوەی چەکداری درێژخایەن و فشاری داگیرکەرانی هەمەجی، بەیەکەوە شیعری تازەیان هاڕیوە.
مەرج نییە هەوێنی تازەگەریی لەناوخۆوە بێ، ئەوە ئەزموونی ئەدەبی میللەتان، کێ لە ناوەخۆوە هێناویەتی؟ بۆدلێر خۆیشی دەڵێ تازەگەریم لە ئەدگار ئالان پۆی ئەمەریکایی وەرگرتووە، ئیلییەت لە شاعیرانی سیمبولیزمی فەرەنسایی وەرگرتووە، گۆران لە شیعری نوێی تورک. مەرج ئەوەیە کەسێک هەبێ تواناى وەرگرتنی هەبێ، یان بەمانایەکی تر ئامادەیی هەبێ لەسەر ئاستی شاعیردا وەک مەنشوری تیشک وەرگر.
ئەزموون ئیسفەنجە و تەڕایی هەڵدەمژێ، عەیب نە لە ئیسفەنجە و نە لەتەڕایی.

*

لە بۆدلێرەوە تا جیسواف میووٚش خوێندنەوەی ئەزموونی هەریەکێک لەمانە گەواهی بۆ ئەو ڕاستییە دەدەن کە ئەزموونەکان فرەو هەمەڕەنگن ولەکرۆکدا یەکن، پوختەکەی ئەوەیە کەشیعر لە وشە دروست دەکرێ و وشەش جوانی بەرهەمدێنێ، جفرەی جوانیش مرۆیە. شیعر ئەگەر ئەو جوانییە مرۆییەی تێدا نەبێ وەکو گوڵێک وایە زوو بپوکێتەوە.
ساڵانێکی زۆر قەسیدەم دەنووسی، پێم وابوو ئەوها دەتوانم دنیای پانوبەرینی موعانات کۆ وەکەم، ئێستا شتێکی تردەگوزەرێ لە دنیادا، شیعریش گۆڕاوە، چڕی و پوختی هەردەم خاسییەتی شیعربووە ، هەنووکە کورتیشی هاتۆتە پاڵ.

شاعیر وەستای دانا نەبێ بە وەسپی ئەزراپاوەند فریای ئەو هەموو مەکرە ناکەوێ، شیعر چییە ئەگەر تەکنیکی پەنادانی بیرۆکەی شیعریی نەبێ؟!
شیعری تازە ئۆرکسترایەکە بە ئامێرێک دەژەنرێ!
خێرا بیژەنە بە دڵ، وەکی ئەوەی هەموو دنیا کەوتبێ بەسەر تارەکانتەوە.
خێرا بیژەنە!
بە ئێسقان، بۆ ئەوەی لەگەڵ نەغمەی هەر پارچەیەک شوێنێکی لەش بریندار بێ، بەو زامەوە پڕۆ بانگی باڵندەکان بکە بۆ سەفەری دوور، پڕۆ بانگی جوانییەکان بکە بۆ مەستی بێ سنوور، پڕۆ شووشەی پیاڵەکان بە نەشئەی بادەی وشە پڕەنگێنە، پڕۆ باخچەی ناو تاریکی ڕووناک بکەوە، پڕۆ مەوەستە.
" کەمینەی زۆروزەوەند " خوان ڕامون خیمینیز.
" کەمینەی بەختەوەر " ستاندال.
ڕیتم و ئاوازی دنیا هەمیشە کەمینە گۆریویەتی.
*
ئەم نووسینە ناچێتە خانەی ئیعترافەوە، تانە گرتنە، لە کێ؟ خوێنەر؟ لەو کەسەی خۆی دەدۆزێتەوە کاتێک لە ئاوێنەی ئەم دێرانەدا تارمایی خۆی دەبینێ.
دەمێکە شیعر فریای نەسلی ئەو قەومە کەوتووە کە لە خوار زاگرۆسەوە ژیان بەسەر دەبا، ئەو نەبا نە زمانمان دەما نە ناویش، واتا شیعر هەر تەنیا تەعبیر نەبووە لە ناخ بەڵکو شوورەی پاراستنی نەتەوەش بووە، کەسیش جێگەی شاعیر ناگرێتەوە. کەچی هەندێک هەرزە هێشتا خەونی ئەفلاتوونی دەبینن بۆ دەرکردنی شاعیر لەم مەملەکەتە خۆڵەپۆتە.
دەرکەوتنی مەسیح چەندە گرنگ بوو بۆ مرۆڤایەتی، ئەزموونی شیعریی بۆدلێر ئەوەندە گرنگ بوو بۆ تازەگەری.
بۆدلێر جوانییەکی شازی لەبێزاریی وئازار وتاریکی وبەدکاریەوە هێنا کایەوە، " گوڵی خراپە" دۆزینەوەی جوانی لە خراپەدا، سەرسوڕهێنترین گوڵی ناو فەرهەنگی شیعرە،گوڵێک شەڕانگێزی دروست بکا. شاعیری قەدیسیش گونجاوترین وەسفە بۆ ئەم شاعیرە.
لەشیعری سیمبولیزمی فەرەنسایی فێری زمانی تاراپۆشی بووم، شیعرێک لەیەکەم سەرنجەوە خۆی نەدا بە دەستەوە، سیحر و جوانی شراوەی هەر بمێنێ.
*
تازەگەریی پێویستییەکی شیعریی بوو، لەڕووی ناوەرۆک و تەکنیک و زمانی دەرپرینەوە. هەوێنی تازەگەریی لە شیعری کوردی ئەزموونی شاعیرانی تورک بوو لەیەکەم قۆناغدا و ئەزموونی شاعیرانی عەرەب بوو لە دووەم قۆناغدا ، ئەزموونی سیمبولیزمی فەرەنساییش بوو لە قۆناغی سێیەمدا، تا ئاستی لاسایی کردنەوە ! ئەگەرچی ماوەیەکی زۆریش کاریگەر بووم بە ئیلییەت و تیۆرە شیعرییەکەی و هەندێکجار لاسایی ئەزموونی نووسینی ئەویشم کردووەتەوە. ئیلییەت خۆیشی تێگەیشتنی تازەگەریی لە کەلەپووری ئینگلیزەوە وەرنەگرت بەڵکو لە بۆدلێر و لافۆرگ و کۆربێری وەرگرت.

www.dengekan.com

ئەوەی تایبەتە بە قۆناغی سێیەم ئەو لەیەکنەگەیشتنەیە کە لەنێوان شیعر و خوێنەردا دروست بوو، کە تا ئەمڕۆش بۆتە بەشێک لە کێشەی جیدی نێوەندی ئەدەبیمان. مۆدێرنیزم هاتۆتە ناو بواری ژیانمانەوە، بەڵام لێکنەگەیشتن لەگەڵ شیعری مۆدێرنیزمی کوردی هێشتا لە قۆناغی نێگەتیڤ دایە، واتا بەدحاڵیبوون هەیە. هۆیەکەی بۆ هەڵوێستی خراپی ئەکادیمیا( زانستگا )و نەبوونی ڕەخنەی جیدی دەگەڕێتەوە لەلایەک و بۆ بەرزەفڕی مەیلەو تەجریدی ئەزموونەکە خۆشی دەگەڕێتەوە . ئێستا کە تەماشای ئەو کاتانەی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەکەم، کە سەرەتای ئەو سەرهەڵدانە تازەی شیعر بوو، هەست بەو جیاوازە زۆرە دەکەم کە لەنێوان خەونی بەرزی شاعیرانی ئەم تەوژمەو ئاستی نزمی خوێنەرو ناوەندی ئەدەبی کوردیدا هەبووە، سەرەڕای ئیرهابی دەسەڵاتی دەوڵەت کەبە ئاشکرا ئەم تەوژمەی بە تێکدەر وترسناک وەسف دەکرد.

*

من نەهاتووم شوێنەوارەکان لە شیعری خۆمدا بپارێزم، هەوڵمداوە ئەو شتگەلەی هەمە بیانکەم بە شوێنەوار تا ناسنامەی خۆمیان پێ ئاشکرا بکەم. هەموو نووسەرێک ڕۆژانێکی پێویستە تا سنووری ناسین ببەزێنێ و ببێ بەهێما بۆسەردەمێک کە نەک تێیدا ژیاوە، بەڵکو چالاکی خۆی تێیدا پەرە پێداوە بۆ گەیشتن بە لوتکە. ئەوانەی لە ڕێگای بەرەو لوتکەدا دەمرن، ئەوانەن کە تەواوی ژیانیان بۆ ئەفراندن تەرخانە. گەیشتن بە لوتکە ئامانج نییە هێندەی تەرخانکردنی ژیانە بۆ ئامانجێکی قووڵتر و لەزەت بەخشینێکی بێ سنوورە لە خوڵقاندنی جیهانێکی سفتی ئینسانی لێوانلێو لە خۆشەویستی. بە کورتی نووسین سەفەری هات ونەهات نییە، هێندەی سەفەری چنینەوەو کەڵەکەکردنی داهاتووە، ئەوەی نەشمتوانیوە بینووسم دەبێ بە وروژێنەری خەیاڵی خوێنەر. داوا دەکەم خوێنەرم لێم زوێر نەبن کە نەمتوانیوە هەموو هەستەکانم بنووسمەوە، ئەوە قەدەری مرۆیە لە ئەزەلەوە کە نەتوانێ ببێ بە کەسێکی کامل، کێماسییەک هەر دەمێنێ بۆ ئەوەی خوێنەر لەوێوە دەست پێ بکا بۆ پەرەپێدانی ئەزموونێکی تر.

ئەوەشم بە ئەنقەست و بەرنامەو پلان نەکردووە، تواناو هێزی نووسینم هەر هێندە بووە، ئەگینا کێ لە داهێناندا هەمان خەونی گلگامیشیی نەبووە ! کەلێن وکەلەبەریش بەشێکە لەئەزموونی نووسین . خۆشبەحاڵی ئەوانەی کەمترین کەلەبەر لە ساختومانی ئەزموونیاندا هەیە. چ بکەم زمان و ئەزموونم هەر هێندە فریای من کەوتووە؟! کەلێنی هەر دەقێک مەرج نییە لەسەرەتاوە بۆ خوێنەر دەربکەوێ، دوای چەندین خوێندنەوە، یان هەڵکشانی ئەزموون وکەڵەکەبوونی ڕۆشنبیریی ئەوجا ئەو توانایە دێتە ئاراوە. بەڵام ئەو دۆزینەوەیە مەرجە بۆ خوێنەری داهێنەر.

*

گێڕانەوە مەرج نییە زیان لە شیعر بدا، بەڵام مەرجە شیعرییەت لە پلەی ئەفراندن نەهێنێتە خوارەوە. هەندێک خوێنەر لە ڕێی کاریگەریان بە شیعری فارسییەوە ڕەخنە لە ئەزموونی گێڕانەوەی شیعری کوردی دەگرن، گۆیە کاری شیعر چەخماخەدانە نەک گێڕانەوە، هیچ گومانی تێدا نییە

چەخماخەدان ڕوحی شیعرییەتە. بەڵام شیعری تازەی دنیا کار لەسەر بیرۆکەی شیعری دەکا، بیرۆکەی شیعریش شێوەی گێڕانەوە وەردەگرێ. سەرەڕای ئەوەی بەشی زۆری بەرهەمی شیعری دنیا لەکۆنەوە لەڕێی گێڕانەوەبوو، ئەوە کۆمیدیای دانتی و بەهەشتی ونبووی ملتۆن و لە پێش ئەوانیش ئەلیازەو ئۆدیسە.. تاد. ئەگەرچی هەر سەردەمەو شێوە دەربڕینی تایبەت بەخۆی هەیە، بەڵام ڕابردوو ئەوە نییە کە لەیاد بکرێ بەڵکو ئەوەیە بژی لەگەڵ خەونە تازەکانماندا.

ئەی شیعر! لەگەوارای خۆت بێبەشم مەکە. بێ تۆ هیچم نییە .

تۆ زمانی منی، تۆ تەڕایی ژیانی منی.

ئەی خوێنەر! تۆش خیانەتم لێ مەکە، خۆشەویستی یەک لایەنە بەسە .

*

شیعر بە قیاسی خۆم دەنووسم ، شیعر منی وا گرواندووە، بەڵام خوێنەرێکی زیرەک لە بنی ناخمدا ئامادەیە .

تاریکی بۆتە بەشێک لەئەزموونم، زانستی ڕوح بۆتە ئەکادیمیام، بەکورتی ژیانم بەو بەرهەمانە دەکێشرێ کە دەینووسم. لە ئوستوورەی گلگامیشدا گیای نەمری هەیە لە ژیانی مندا شیعر." پڵنگیک لەناومانەوە بازبدا بۆ ناو ڕووناکی" بە تەعبیری گیسواف میوۆش ئەوهایە شیعرنووسین. شیعر ئومێدی ژیانە ئەگەر لە ئەوپەڕی نائومێدیشدا بنووسرێ.

ئەوانەی شیعر دەخوێننەوە کەمینەن، بەڵام هەمووان پێویستیان بە ئومێدە. زۆرینە شیعر
ناناسێ، بیناسێ دەستبەرداری نابێ. زیندوو شیعر دەخوێنێتەوە، بەڵام شاعیرەکان دوای مردنیش هەمیشە دەخوێندرێنەوە. مەرگی شیعر مەحاڵە! مەزەندە دەکەم مردووش پێویستی پێیەتی بۆ شەوی ئەبەدی، شاعیرەکان ئەو ڕاستییە دەزانن.

بەینی مەرگ و ژیان هێندە زۆر نییە، لە زۆر ساتدا بەیەکەوە دەژین، بۆیە لە خەیاڵی شیعریدا وەکو یەک شت دەبینرێن. شاعیر جوانی دەدۆزێتەوە، جوانیش لە هەموو شوێن و شتێکدا هەیە، شێوەی دەربڕین ئاشنامان دەکا پێی وەک ئەوەی تازە ببینین، ئەگینا بابەتە ئینسانییەکان لە ئەزەلەوە هەن. بەشێکی ئەزموونی شیعریم ئەو پەیوەندییەی پاراستووە و ئەوانەی مردوون تەنیا بەجەستە دوورن لێمانەوە، ئەگینا لە گەڵماندا دەژین. هەر ئەوەش وای کردووە لە زۆر دەقمدا ئەوان ئامادەبن، نۆستالجیا نییە زیاتر زیندوویەتی ئەوانە لە ژیانی مندا ( نالی، دانتی، مەولەوی، خەیام، بۆدلێر، واڵت ویتمان ....).

من ژیان بەو مەودا فراوانییەوە دەبینم کە مەحاڵە لە شوێنێک و لە کەسێکدا تەواو بێ. بازنەیەکی بەردەوام لە خولانەوەدایە چەشنی سروشت، زستان دواتر بەهار... پایز، بێ پڕانەوە، ئەوە گەڵاکانن دەوەرن! ترسی مردن نیو بە قەت ترسی ژیان نییە. ئێمە ئەگەر مردووەکان بدۆزێنین، مەحاڵە ژیان فریامان بکەوێ بەو کەمەی بەرمان دەکەوێ. گرنگ ئەوەیە تا چەند مەودا فراوان دەکەین، ژیانمان بەو مەودافراوانکردنە دەپێورێ.

چۆن من ئەوان دەخوێنمەوە ئەوها ئەوان من دەخوێننەوە تا ئەبەدی ئابدین.
بۆ پێشەکی ئەم کۆمەڵە شیعرەم، پێویست دەکا پاتەی بکەمەوە، هێشتا سوورم لەسەر ئەوەی شیعر موڵکی سەردەمێک و جۆرە ژیانێک و کۆمەڵێک نییە موڵکی هەموو بەشەرە،
لەوەش هەورازتر موڵکی گەردوونە، ئەوەنییە خواکانیش بە زمانی شیعر لەگەڵ پێغەمبەرەکان لەبارەی گەردوونەوە دواون!
ماوەتەوە بڵێم،کەئەم کۆمەڵە شیعرەم بەرهەمی دوو ساڵی نووسینمە هەر لە ناوەڕاستی ٢٠٠٣ تا ناوەڕاستی ٢٠١٥ ، جگە لە شیعری ماکۆکین کەزووتر نووسیومە بەڵام نازانم بۆ نەمخستۆتە ناو هیچ کتێبێکمەوە .
هەندێک لەشیعرەکان پێشتر بڵاوبوونەتەوە لەڕۆژنامەو گۆوارەکاندا ، ئەمەی لێرەدایە دوا داڕشتنیانە.
هەڵبژاردنی ناونیشانیش بۆ من هەردەم مایەی دڵەڕاوکێیە، من تەواو قەناعەتم بەو بیرکردنەوەیەی ئیمبرتۆ ئیکۆ هەیە کە دەڵی، ناونیشان دەبێ بیروبۆچوونەکان تێک بدا نەک بیانکا بە قاڵبی کانزایی. سەرەتا وتم، کێوی بێدەنگان، دواتر گۆڕیم و کردم بە ماکۆکین، کە ناوی ئەو دەقە شیعرییەیە کە لەناو کۆمەڵەکەدایە و ساڵی ٢٠١١ نووسیومە. ماکۆک چیایەکە بەسەر بێتواتەوە. بەڵام دواجار لەسەر ئەم ناوەی ئێستا گیرسامەوە ، دەشێ هێماو تەشقی کۆی شیعرەکان نیشان نەدا، چونکە تەشقی شیعری تریفەخانەکان بۆ نموونە جیاوازە، بەڵام جەنگ گەیشتۆتە زۆر شوێنی دووری زمان وخەون و ژیانمان، ، دۆخێکی بەردەوامە لەهەڕەشە وخەریکە مێژووی بەشەر هەمووی لەبنوبۆتکەوە بسڕێتەوە.

www.dengekan.com

**هەر یەکەو دۆزەخێک**

لە سەرخۆ
لەدەرگام دەدا دەستێک
ماڵەکەم دەهەژێتەوە چەند جارێک
دەچەمێتەوە لەبەری
دەرگای دوودەری حەوشە
منداڵێک ،چما منداڵێک ؟!

تاڵاوێک لەدەنگی
دڵۆپێکی، بەشی ساڵانێکی عەزاب
غەمگینیەک لەڕەنگی، چ غەمگینیەک ؟!

بەشڕوشیتاڵی بەریەوە شەبەقی پرسیار
هەناسەسوار بەسەر لاملی جەنگەوە
" بێکەسی جەنگ " ئەو ناوەم هات بەخەیاڵدا
دەفەی سینگی کرابووەوە
تەختەی شکاوی کەشتیەک هێنابووی بەسەر ئاوەوە لە ڕۆژئاوا
پشکۆی دیمەنی نێوانمان گەش بووەوە بەوشەی ڕۆژئاوا

ڕۆژئاوا دەستی چەپم بوو
ڕۆژئاوا قاچی چەپم بوو، چەند هەنگاو پێش قاچی ڕاستم بوو
پۆستەچی ئێسک سووک، لەبەر دەرگا
چی فەرماندەی جەنگ هەیە
نە دەگەیشتن بە قولەپێی
ئەو کاتەی سەرنجێکی تێ گرتم
دەمێکە ئەو جۆرە سەرنجەم نەدیووە
وەک ئەوەی ئەستێرەیەک بکوژێتەوە، ئەوها دڵم داخورپا .
ئێرە، مەیدانی جەنگی ڕاستەقینەیە!

منداڵیک ،
هیچی وت  بەبێدەنگی ؟
خۆڵەمێشی جەنگ لەئاگردانمدا
گێژەڵووکە هەڵیدەکا بەناخمدا
جەنگ لەشوێنێک  دەستپێدەکا
لە شوێنێکی تر کۆتایی دێ !

بازاڕی بۆرسەی خوێن هاتۆتە لەرزین
خوێنێکی زۆر بەفیڕۆ دەڕوا، کوا ؟
کێ جەنگێکی بردۆتەوە.

خۆڵەمیشی جەنگێک و
بوومەلەرزەی جەنگێک
هەموو جار ماڵەکەم دەهەژێتەوە
هەموو جاریش، چنگی خوێن،
لەناو نوێنی نووستندا
لەناو ڕستەی هەڵەت و پەڵەتدا.

دەستێک لەدەرگام دەدا
چما دەستێک !
ڕاپێچم دەکا تا قووڵایی نیگەرانی
ئەو ڕۆژە چ رۆژێکە ؟!
خەریکە بیرم دەچێتەوە ، کێم ؟
دوای ئەو هەموو تەمەنە

ئێستا ناتوانم ئیسفەنجی جەنگەکان بم
وەک دەریایەک کەنارم پڕە لە هەڕەشەی شەپۆل
هەر یەکەو دەتوانێ باسی دۆزەخەکەی خۆی بکا
کە وەک مەنجەڵێک لەسەر ئاگر قوڵپ دەدا
بەخەونی خنکاوی شاعیرەکانەوە
بەجلی سیسبووی گوڵەکانەوە
بەعەتری سەفەری نەگەڕاوەکانەوە
زمانێک دێتە گۆ بە کەفوکوڵ
لە ئاسمانەکان دەنگ دەداتەوە
کتێبی کۆتاییەکانی پێ نووسراوە
گەرووی شمشاڵیی بەڕیا و چۆلەوانی
چرای ناو خوێنی هەڵچووی کەسنەزانی
خەریکە دڵ و دەروونی بێ زینهار دەردەچێ لە نێو لەپی وشەکانی
منداڵێک ، چما منداڵیک !
بە بێدەنگی !!

## ڕێی بێ کۆتا

ڕێیەک دیاربوو ،وەک تەونی جاڵجاڵۆکە بە بەرزاییەوە
لە شوانێکم پرسی، مەڕەکانی دەڵەوەڕاند

ئەو ڕێیە دەچێتە کوێ ؟
کێوی بێدەنگان !
مەملەکەتی ئەفسانەی خواوەندان!
لە کۆنەوە،
ئەوەی چووە نەگەڕاوەتەوە
چرکەساتێک لەسەرەوە، کێو لەرزی
هێشتا لوتکەی بڵند مابوو لە پێشمدا
ڕێیەک دیاربوو لەدوور
لە شوانێکم پرسی، مەڕەکانی دەلەوەڕاند
ئەو ڕێیە دەچێتە کوێ ؟
کێوی ئاگران !
مەملەکەتی قەقنەسی خواوەندان!
لە کۆنەوە ،
هەر ئەفسانە و حیکایەتی لێ دەگێڕنەوە
ڕووم کردە " ئاگران " !
چرکەساتێک لەسەرەوە
مەلێک پەیدابوو، پێشم کەوت بۆ کوخێک
کەدەرگام کردەوە، دڵی خۆم دۆزیەوە
لەناو ئاگردانێکدا
لە ئەزەلەوە دەسووتا بێ ئەوەی بکوژێتەوە .
لە بەرزییەوە
ڕێیەک دیاربوو لە قووڵایی
لە شوانێکم پرسی، مەڕەکانی دەلەوەڕاند
ئەو ڕێیە دەچێتە کوێ ؟
کێوی بێکۆتا !
هەتا شۆڕبیتەوە هەر کێوی مەندییە
هەتا دەڕۆی سەرڕێژی شکۆمەندیە

بە دەردیسەری هەوام لادا
بەرد دامی لە بەرد
بەهێزی فەرهاد قوڵنگم دا لە سینەی شاخ
هەمیشە هەمیشە
بێ کۆتا بۆ کۆتا
لەسەر زەمینی ئازار
بەشەو و ڕۆژ
لەکێوی دەنگدانەوەی شیرین
لەدەنگی بێ کۆتا غەمگین
دڵنیا دڵنیا
بەڕێوەم بۆ خودا

## کەسی بێ کەسان

بەسەر خاچەوە لەبەرزییە
ڕاستییەکەی ،
بۆیە هەمیشە درەوشییە کەسی بێکەسان

هەموو سیفەتی قوربانی هەیە
هەموو سیفەتی خوایانی هەیە
لە پێش هەمووشی ،
بێ کەسی
بیهێنە پێش چاو، دنیا
بێ کەسی بێکەسان.

کەسی بێکەسان
لە کوێی ؟

**کۆنشێرتۆی ئامەد**

بەفرم لەهەر کوێیەک دیبێ
سیمای دۆستێکی کۆنی خۆم هاتۆتەوە یاد
دڵم خۆشە بە بەفر
وەکو چۆن دڵم خۆشە، بە شادبوونەوە
لەگەڵ دۆستە کۆنەکانم .
ئەم بەیانییە لەپیرمام
کلوکلو ئەنوەر مەسیفی  دەباری
بەشکۆفەی ژێیەکانی تەمبوور قورەوە
موو بەموو لێم جودا نەبووەوە
تا  ئامەد .
بەفر لەشێوەی باڵندە نوێ دەبێتەوە
بەفر لەهەیکەلی پیرۆزدا  بەرجەستە دەبێ
لە دارستانی ئەفسانە پەلک دەکاتەوە
هاواری بێدادییە لەبەر دەرگای ئاسمان
مرواری ڕژاوە بە ملی زۆزان و واری بڵندەوە
ئەی گەشتوەرەکان کەمێک لە سەرخۆ!
ئاسۆی بەستەڵەک بەو شەوە بەزەحمەت دەتوێتەوە.
شوێن هەمان شوێنی کەشتی نووحە
زام هەمان زامی کولاوە
شیعری هەرمانی دەبارێ لەم ناوە
خۆ ئامادەکەن بۆ چنینەوە
هەوا هەڵکەن، پەلەیانە باڵندە سەفەرییەکان
پەلەیانە وشەی مل درێژی مانا قومرییەکان
پەلەیانە شەونخونییە شەرابییەکان
بەو هەموو شەپۆلە ئاگرینە گەیشتمە جێ
لە ناو نوێنی گۆمێکدا تا بەیانی بە باسکە مەلە گینگلم دا
کە کانتۆری جلەکانیشم کردەوە لە ئوتێل " یاقووت سەرا "
جلێکی کەشخەی حەریری
لەسەر یەک پێ ڕاوەستا
کە کردمە بەر خۆمەوە
لەبەر ئاوێنە شێوەی خۆم دی، وردبوومەوە
دەتووت ئەحمەدی خانیمە
لە چاوەڕوانی دەوڵەتی خۆمدا خەنیمە
بە شکۆمەندی  مەمی ئالان
بلوێری غەزەلێک بە لالێوەوە
خەریک بوو بە تاوی ئاوازی بتوێمەوە
هەر ئاوازێکی هی نەو نیهادێک
شایەدی ئەوەیە کە نامورادێک
بەفری کردووە بە بیانوو
بە کڵاوی لە ئاقیق چنراوی خوێنەوە

درەختی ئازار بەڕیز وەستاون سڵاو دەستێننەوە
ژیان خەونی ئەوها زیندووی دەکاتەوە
مردن زینهاری ئەوها لە بیری دەباتەوە
لە کوێیە بۆ نایێ  زینی من ؟
بێ منەت سەرئامەد و سەرمەست
بە نەشئەی بەفرەوە
ڕۆژێکی ئەوها، سەردەنێمەوە
هەموو دۆستە کۆنەکان، منداڵن
لە گۆڕەپانێکی گەورەدا بە یەک دەگەینەوە .

**لەناوهێلیکۆپتەرێکدا**

خەونەکەی
بچووک، وەک خۆی
پڕ بەگلێنەی خۆڵاوی
گەڵایەکی باریک و درێژ
لەم پەناوە بۆ ئەو پەنا
با دەیبرد و دەیهێنا

www.dengekan.com

دەمێک بوو ئەو خەونەی دەدی،
بەئاسمانی شین توولانی بفڕێ
بەڵام نەیدەزانی، بۆ کوێ ؟
مەملەکەت بچووک وەک خۆی

خەون باخ بوو
کرمێک فێربوو
دەچووە قەدی دارەکانیەوە
باوکم هەمووجار، ئەو لقانەی لەبنەوە دەپریەوە کە کرمێ ببوون
خەونی من، کرم لێی نەدا
باخ لەرزی
شمشێری خەلافەت پەلی دا

منداڵیک،
لەناو هێلیکۆپتەرێکدا
دەستی تەزیوی بەدەست نەناسراوێکەوە
خەونەکەی هاتەوە یاد
چەندی نۆری کەسی نەناسیەوە
حاڵی نەبوو، مەملەکەت شێواو !

ڕەنگی چیا گۆڕا
ڕەنگی دایکی شەمزا
کێ هاتۆتە مەملەکەت ؟
شوێن پێی بەسەر دڵەکانەوە

دوو دڵۆپ فرمێسک، دەتووت دمکی دوو خەنجەرن
چەقیون لەچاوی تەماوی، لەناو هێلیکۆپتەرێکدا
لەخوارەوەش،
چیای شنگال، لەبن برۆی ئەستوورەوە
بەتەماشای بەردینەوە
چاوی پڕیبووە ناو چاوی
شتێک دەگەڕا لەدڵی هەردووکیاندا
مەنجەڵێکی گەورە بوو مەملەکەت قوڵپی دەدا

لەو شوێنە دامبەزێنە ئەی وشەی باڵتیژی شیعرم
نامەوێ بفڕم
خۆم لەشاخ هەڵدەدێرم
دەماری پیاوەتیم دەپرم
لەو ساتەوە، ژنێکی ئەتککراوی ئێزدیم !
گۆمی خەونم بێ بنە، خۆمی تێدا دەخنکێم !

**نوێژی کوردی**

نوێژدەکەم  بۆ تیشکی ڕۆژ
بەردی بریسکەی " چل مێرا "  ماچدەکەم
چوارشەممەیەک
هاواری ڕۆژدەکەم، هاوار!
ئامیین

**هەژان**

دەنگی منداڵێک
دنیا بەخەبەردێنێ شەوێک!
دیمەنەکە بێ دەستکاری ئەوهایە
لەژێر چادرێکدا
دوور دوور لەناو قووڵایی شەو

**پەلکەزێرینە**

چەند قولانجێک بەن و پارچە لبادێک
سۆلێکی دەستکرد
پەلکەزێرینەی بێ کەسی  بە قولەپێیەوە
چیای شنگالی پێ بڕی
کەگەیشتە گۆڕەپانی شار!
گرتیە پەیکەرێک

**پەتای ڕۆژهەڵات**

پەتایەک هەبوو ناوی تاعوون بوو
سەرکردەیەک بوو ناوی هۆلاکۆ!
پەتا هەتادێ تەشەنە دەکا
لاشەی ڕزیوە ئەم ڕۆژهەڵاتە
هەتا دێ درمی نوێ دەردەکا
هەتا دوور دەڕوا سێڵاوی حەسرەت
خاشاکی زۆرتر لە خۆی بار دەکا

## قەڵەڕەش

ئەو باڵندەیە دەنگی ناخۆشە؟ شێوەی ناشیرین؟ لای من وا نییە بەراوردی کە،
هەرچی باڵندەی لەم چەشنە هەیە خڕیان کەیتەوە
ناکا داعشیک! بە سەروسیماو ئاڵای ڕەشیەوە

## خەلافەت !

ئەگەرخەلافەتی باخ بێ،
دەبێ بولبول خەلیفە بێ
چریکە شەریعەت و گوڵ کتێبی تەریقەت بێ.
کە ئەوەم وت،
ئیتر جەمعی موسڵمانان کەوتنە هەرا
گۆمی خوێنە، خەلافەتی شمشێر !

## جەلەولا

شارێک نییە لەسەرمانگ
بەرزاییەک  نییە لە قاف
ئێسقانێکە لەپەراسووم، سنگی منی پێ دەشکێ.
ئاوێنەیەکە لە مانگ
چاڵێکە لە دەریا!
گەمێی منی تێدا دەشکێ.
لە بیرتان نەچی،
ڕێی گەڕانەوە بەو چاڵەدا دەڕوا.

باڵندەیەک، لەسەر دیواری ماڵەکەم  نیشتەوە
سوپاس بۆ شێوەی هەڵکورمانی،
دەتووت، جەلەولایە لە غەریبیی.

مانگ نییە لەسەر شار
مانگ نییە دوور
دوور کەوتۆتەوە مانگ
دوور دوورە جەلەولا
دوور دوور

## وڵاتی من ...

وڵاتی من
کچێکی ئێزدییە لە بازاڕی موسڵ
ژنێکی کریستانە لە حەوشەی مزگەوتێک
خێزانێکە بە پشتی تراکتۆرێکەوە
شاهۆیەکی پێچوو ونبووە بە بەرزاییەوە
کەس دەست نەگرێ بە برینی کەمەریەوە
کەس ئارام نەبێ لە شەوی
شکا دەرگای
وڵاتی من!

**تاسەی قاچێک**

www.dengekan.com

ئەو قاچە ئەو قاچە ئەو قاچەم
دی،
لە سێبەری شەودا
دوور دەکەوتەوە
دامێنی بایەکی گرتبوو
وەکو پەڕی کتێبێک

قاچێک،
بە گۆرەوی خوێنینەوە
بە جێ کەڵبەی سەگەکانەوە

لە پەنا پەرژینی تاریکی
دوو چاوی ئەبڵەق
بە دیار مۆتەکەی قاچێکەوە
دیمەنێکی بێ نەوایە
دەکێشێ بە دەفەی سنگما
خەریکە دڵم دێتە دەرەوە

پەیکەری قاچێک، لەگۆرەپانی گشتیدا
بهێڵە سەرزەمین بلەرزێ
لە ژێری

تاکە پێڵاوێکی فڕێ دراو، لە لا کۆڵانێک
بێ کەسی لەوە زیاتر

هەموو شەوێک
لە خەودا دەیبینم دێتەوە
مەگەر،
غەریبی ڕێ بدا
ئەویش قاچێکی نوقسانە!

## له چاوەڕوانی هاتنەوەیاندا !

ئای ئەگەر یەکێکیان دەهاتەوە!
ئاواز ،
لە قورگی سڕی بێدەنگی، ڕادەپسکا
چرکەساتێکی ئەبەدی

کەی خوێنی من،
کازیوەی درۆ بوو؟

شکۆیان فڕێ داوەتە بن دەست و پێیان
لەژێر کورسی دەسک ئاڵتوون،
هەڵدەلەرزێ

تەپڵ لێدەن،
چاوی بێڕەنگ کوێری کردین
خیزاو باری و تاسەی بردین
تا ئەو ئاستەی،
خوێنی لێ دەتکێ مینا

کیسەی پڕی بە تاڵان چوو
نەفرەتی دایکان، دەیقیژاند:
بەیداخی کەچ بوو!

ماڵی خۆم نامۆیە لە خۆم
ئێسک و پرووسکم نامۆیە لەگۆڕی خۆم
بەری درەختم نامۆیە لەڕەگی خۆم

ئای ئەگەر یەکێکیان دەهاتەوە
بە دڕدۆنگیش
" قەی چی ئەکا "

**ئێوارەیەک لە تۆلۆز**

جانتام ئامادەکردووە بۆ سەفەر.
لەخەو بە ئاگادێم،
جانتاکە دەکەمەوە، شتێکم لە یادچووە
شتێکی زۆر پێویست
وەکو پاشماوەی کەشتیەک لە بنی دەریا
دەگەڕێم ناو جانتا، بۆ شتێک
گەواهی بدا، من کێم ؟
منکێم ! دەنگ دەداتەوە

مشتەخۆڵی بورکانێک لە شووشەیەکدا، دەیخەمە ناو جانتا

www.dengekan.com

چەرخی خەیاڵێکی کۆنە
لە سەردەمی تازەدا دەگەڕێ
نەخشەیەک دەدۆزمەوە لەناو گیرفانی زنجیدار
دەیکەمەوە، چاوم دەکەوێتە سەر خاڵێکی سوور : " تۆڵۆز ! "
خاڵ دەبێتە ئەستێرە هەڵدێ لە دوور
هەبێ و نەبێ گەنجینەیەک... تاد.
ئەو خەونە هەمیشە دووبارە دەبێتەوە

لە دوورەوە، دیداڵۆس دەفڕێ بەسەر دەریاوە بۆ لای خۆرێک
کە هێشتا هەڵنەهاتووە، هەر سپیەتی کازیوەی دەرکەوتووە

مۆسیقای ئێسقانەکانم تەپڵ لێدەدەن بە پێستم
پەلەپەلییەتی برژانگ بۆ دیتن
نینۆک بە چ موعاناتێک گۆشتی پەنجە دەدڕێنێ،
ئەوهایە سەفەری " منوتۆلۆز "

وەک ڕاوچیەک لە بن دارێکدا
شەپقەکەی خستبێتە سەرچاوی
تا تاوێک پشوو با
ئەوها، ماسوولکەکەنم خاودەبوونەوە لە تۆلۆز

لەباڕێکی سەرشۆستەدا، ژنێکی مەراکیشی!
پەرداخێکی تا نیوە پرکرد لە شەرابی بۆردیۆ
بەچاوی ڕەشیخوماری، پرسی: شەرابێکی چاکە؟
شەرابی چی؟ شەویسوور !
چاو خاسییەتی دەریای هەیە، وتم
هەمیشە دەتبا بەرەو دوور

مۆسیقا لە تەختە و دۆشەک و ژوور
مۆسیقا لە پیاڵەی بەتاڵ
مۆسیقا لە مۆمی کوژاوەی سەر مێز
مۆسیقا لە هەموو شتێک هەموو شتێک
بەڕێیەک دەمبا گەڕانەوەی زەحمەتە

پەتی زەنگی کلێسایەک درێژبووەوە تا ناو دڵ
دینگ دینگ
سەفەرت بە خێر دیداڵۆس
باڵی شەمێ توایەوە لە تۆڵۆز

## ساتی پیرۆز

دەچمە لێواری گۆمێک ،
بادەیەکی خوداییە بە لا لێوی شاخێکەوە
لە شوێنێکی بێناوی دوور!
سیەکان پڕدەبن لە هەناسەی نوێ
هەوای فرێش!
شێی حەسرەت نەیگرتبێ

تاڵی مووژدەی ژیانێکی نوێ
ژیانێکی بێ پاشماوە دەردەکەوێ
مەجازەن، ئەو لێوار و ئەو گۆمە شیعرە!

هەوای ناو گزۆز و دووکەڵکێش،
پڕ لە شانەی سەرەتانی بەسەرچوو
ڕۆی ژیانی دەستی دوو!
مەجازەن، ئەوانەش،
پاشماوەی ئەو ڕەخنانەیە کە لە شیعرم دەگیرێن

شووشەی بیانووەکان پڕن لە مشەخۆر
بۆ مەبەستی جۆراوجۆر
دڵ لادە! لێیان

لچکی ڕابردوو دەکەمەوە لە خۆم
کاڵژی ژینێک فڕێ دەدەم بۆ ژیانێکی نوو
قوڵپ دەدەم لە عەدەمەوە بۆ ڕژانی خوایەکی نوو
لە هەناوی داهاتوو

گەڵاکانم دەکرێنەوە بە ڕووی دنیاوە نا لە دنیاوە
ڕەگەکانم سەردەکەون لەناو هەواوە، هەوای فرێش
بەهەدەرچوو ژیانی ڕابردوو
بە دەستی، مەچەک بەستراوی
زیندانی
زیللەتیی
بەسەرچوو

له ناو واقعێکی سادەی تازە مەیوی لە کۆنەوە خوڵقاوی
لێواری گۆمێکی شکاوی تا هەتا ماوی
بە نەشئەی ئەو هەوا فرێشەوە
بێ تەکلیف و ڕیا، سەر لەنوێ ژیاوە شیعرم

## ئیعتراف

کەسێک لەناو قەفەسێکدا،
سێبەری بێدەنگی ئاڵاوە لە دەوری
چاوی ڕاستی شایەتی دەدا
هێزێک خەریکە بیچەمێنتەوە!
شتێک خەریکە لە زاری بێتەدەرێ
بە سەر لێویەوە قەتماغە بگرێ
دیمەنەکە وا نیشان دەدا.
ئەو هێزە چییە کە خەریکە دەیچەمێنتەوە؟

ئەو شتە چییە کە خەریکە قەتماغە دەگرێ؟
دەنگێک دێ لە قووڵایی، دەڵێ، ئەو بارە گرانە دانێ!

کەشێکی خۆش لە پەنجەرەوە  نیگای پەلکێش کرد
ئەوکاتەی ئاوڕی دایەوە  بۆ تەماشای گوڵێک! بە سەر لقێکی دڕکاوی ناو باخچەوە
کە لەوساتەدا غەمزەی بۆ هاویشت!
دەنگەکە قووڵایی پڕی، هاتە ناو هۆڵ
لەوساتەدا، کەسێک ( ڕێک ئەو کەسەی ناو قەفەس )
بە ئەسپایی لە دەرگا چووە دەرەوە
خەریک بوو لە سووکیان بفڕێ !

## وێنەیەک لە قووڵاییدا

ویستم وێنەکان بشۆمەوە
کە کامیرای چاوەکانم گرتبوویان
بە ئەسپایی خزامە ناو تاقیگەیەک لە قووڵایی
چەندسانتیمێک لە پشت پەراسووەوە، حەوزێکی پر ئیکسیر!
لە چەندچرکەیەکدا بە دیار کەوتنەوە ڕووخساریان
دڕکی غەریبی ڕۆچووبوو  لە نەرمەی خەیاڵیان.
لەبەر قورسایی شانم، ڕووناکی شکابووەوە ژێر قاچەکانم
گۆمێک دەرکەوت لە پەنا سیەکان
بەلەمێک،
گۆی زەوی تێ خرابوو!

www.dengekan.com

ڕاستت دەوێ، دەجووڵا تووکی نەرمی
بەو جووڵەیە دەلەرییەوە هەوا
خوا دەرفەتی ئەو دڵە بدا
چۆن نغرۆ نەبووە بەو بارە قورسەوە!

## بە ساڵاچوونی بێدەنگی

ڕەگی ڕۆیشتووە تا قووڵایی تەنگی نادیار، بێدەنگی!
ماڵێکە لە باخی تەنیایی
باخێکە لە ماڵی جودایی

ماڕشی لە ناکاو کپ بووە
ئاکنجی بە ساڵدا چووە
هەیبەتی،
وەبزانە ڕەشەبایە بە دەوری چراوە
ڕەنگێک کە لە هیچ ڕەنگێکدا نەماوە

بانگی بەیان بە زمانی گزنگ
لە ناوەوەش زایەڵەیە
هێزی بورکان و بوومەلەرزەیە

وەکو مێروویەک بە شووشە هەڵگەڕێ
وام دێتە بەرچاو خۆم و بێدەنگی

دەستێکە گرتوومی، ڕۆچووە بە خاکدا
شین بووە ئەو خاکە لەو دەستە

لە حزووری پاشای خۆم دەنووشتێمەوە
گەورەی ماڵە گەورەکانم لە سایەیدا
بەوەنییە بێدەنگم

www.dengekan.com

## پیربوونی چاوەڕوانی

کەمانچەیەک،
جۆگەی بەستووە
سەرلەبەری ئاوازی
شین هەڵگەڕاوی !
کتێبێک،
گیای شینبووی
سەر لێوی وشەکانی
ژەنگ داگەڕاوی !
خەیاڵدەکەم شاعیریشم بە شمشاڵی شکاوی ...
هەموو پیری کردوون چاوەڕوانی
لە گۆی بردوون سەرمای کەنار
کاسی شەوانی تەنیایی بێ قەرار
هەروەها،
هەوای قورسی نزمایی پڕ مێشوولە !
قەد شکاوی بەر ڕەشەباو وەیشوومە
تۆ لە کوێ بووی؟ کە باران بە تاو باری
کە گوڵ دەرکەوت لە نەشئەی لالەزاری
سێبەرێکە ئەوەی ماوە، تاریکی
ونی دەکا داوی ورد و باریکی.
چۆن قەناعەت بێنم، ژیانم
خەون و خەیاڵ، نووسینەکانم
ئەوەی دیومە کەمانچە نییە؟
کتێب نییە نا ؟ تراویلکەی چاوەڕوانین.
دیمەنەکان کە زۆر دەمێننەوە ئەوها دەگۆڕێن
ساڵ تێ پەڕیوە و نەهاتووی
ناهەقیان نییە
چەند سەرسورهێنەرە گرێی زمانم
چاوەڕوانی بەستوویەتی گشت جومگەکانم
ناهەقم نییە ئەگەر بڵێم، مردووم .

## حەسرەت

لە نامەکەدا، نووسیتە:
لەرینەوەی مۆمەکەیە؛ وشەکان لار بوونەوە!
ئەوەی دەینووسم خوارە،
بۆ مەبەستێکی ڕاست!

لە دوا نامەدا،
وشەکان ڕاستن
ڕستەکان ڕاست، تێدەگەم
مەبەستەکە لار بۆتەوە
پێدەچی مۆمەکە کوژاییێتەوە!

هەمووجار دەتنووسی؛
وشەکانم بۆ ڕاست ناکرێنەوە، ڕستەکان ناڕاست
بەڵام ئەوەی لە دوا نامەدا نەتنووسیوە
حەسرەتە
من لەو حەسرەتە نەگەیشتم
خەریکە دڵم دێتە دەرەوە

دوا نامەکان
هەمیشە دوا نامەکان
سەرلەبەری ژیان تێک دەدەن
بە وشەکانیان

ئەگەر دەتوانی دوا نامە نەنووسی
مەینووسە تکایە !
بەرگەی خوێندنەوەی ناگرم

**مەخابن حەیدەر!**

ژەهر نەبووی
تلیاک نەبووی
خۆزیا ! دووپشک دەبووی
لە جەستەی سڕی ئێمەدا تلیاک دەبووی
خۆ،
لێت دەسڵەمینەوە کەسانێک
بەڵام من هیچ کەسم لە یاد نییە
پێ لە زنجیر
هێندە ئارام بێ
لە جەرگەی مەرگدا.

ژەهر هەست بە خۆی دەکا
کە قوڕگی بچووکی کۆترێک ناوت دەبا، پڕ بە ئاسمانی فرین
نەبووە هەرگیز، کەسێک بێتە سەر زەمین
زەمینێک ڕاچڵەکێ بە هاتنی
هەواڵێکی دڵخۆشکەرم نەبیست
لەبارەی سەرچڵیتەوە
شتێکم هەڵنەکڕاند لە بێدەنگی سنوورەکان
لە کوخی بەنایلۆنگیراوی قاچاخچیەکان
هەرکە ناوت هات
خوێن زایە دەماری ڕوو
زا ڕەنجی بەهەدەر نەچوو
مەخابن، هەر ناوتیان دەزانی
ناونیشانت نەبوو.

لیستی ڕەشی دەوڵەتانم هەڵدایەوە
بن برینی ئەڤیندارانم پشکنی
ڕەنگی تازیەباری تازەبارم هێنایەوە
تێمبگەینە،
چۆن تەسلیمی چارەنووس بووی
چۆن هەڵخەڵەتای بە گفت و لفتی
نیشانەی پرسیاری ناوێ
بە تایبەتی، تۆ!
پاروویەک نەبووی زوو قووت بدرێی
لقێکی وشک نەبووی بشکێی
حەیف!
هەواڵێکت نابیستم
لە دووریشەوە

## له پێناوی چرکەیەک

جگە لە ژنێک
هیچ ئەڤینی تر شک نابەم
ئەم جیهانە ڕاهەژێنێ
لە بێکەسترین چرکەدا

دەنگێک،
لەپەستیی ڕەشی پرچییەوە
لە هەسارەکان دەنگ دەداتەوە

ڕەنگێک،
لە تاڤگەی گەردنی
خۆرەتاو دەتاسێ، گشت بەیانێک
بە دەرکەوتنی

تۆماری حەسرەت سەرڕێژە
لە وردە خاڵی ڕوومەتیا
سەرلەبەری پاکیزەیی پشکووتووە
لە داوێنی

دەرەتانی نییە جگە لە بێکەسی!

دەستم گرتووە بە سینەی
ئەو بورکانە ژێر دەکەمەوە
کە هەڕەشە دەکا
لە پێناوی ئەوین

جگە لە ژنێک کەسی تر شک نابەم
لە جیهانی بەد
لە پێناو چرکەیەک

## گونجاوترین ئاوەڵناو

بهێڵە شتێک بڵێم
دەنگی سازەکە بگۆڕێ !
پەی بە ناوی خۆم ببەم
گونجاوترین ئاوەڵناو هەڵبژێرم :
" ڕاوچی سەرنەکەوتوو "

داویشم دانایێتەوە، نیشانەیەکم هێشتۆتەوە
بۆ دەربازبوون
هیچ کەسێک شایستەی زەلیلبوون نییە
وەکو چۆن هیچ شتێک شایانی زەلیل نییە

میهری منت لە دەور گەڕێ
بە دەمهەراشی بڵندگۆ باوەڕ مەکە
سەعات پێنجی بەیانییە
بە زایەڵەی کێو بزانە، بارستایی خەفەت چەندە
کاتێ بەزەحمەت هەناسە دەدا
چ ناشادە، بێ سرکەی مامزی خەیاڵ سەعات پێنجی بەیانی
بە کێ خۆش بکەم ئاواز ؟
ڕێگای چی لە من دەبەستی ؟
ئاشنای چی بن بەستی؟
بێ دەنگی چرام، شەوم بە سەر نەچووە
بێ پارێز لە چۆڵەوانی

بە ڕوومەتی چرچی گومان
خۆڵەمیشی دیارنەمان
بە دانەمرکانەوەی زمان، بهێڵە شتێک بڵێم
لەبارەی سوورهەڵگەڕانی ئەوەی ڕێک لە ئاسمان دەچێ
تەماشام

بێخەبەر بێدەنگی
سازش ناکەم،
گونجاوترین ئاوەڵناو لە خەڵوەتی زیندووەکاندا
سەرنەکەوتوو لە ڕاوی سەعات پێنجی بەیانی
لەکێوی گەنجینەی هەمووواندا
من،
ئەوەی دەمێکە بەدگومانە لە نووسین

## سۆراخی بێشوێنێک

" برینی گەڵای سەر شۆستەی ! "

مەبەست ناپاکی ئەو پیاوانەیە
که به پێڵاو
فرمێسکیان دەشێلای.
بلوێری چریکه، گومانی خاکی هەڵدڕی
به گاسنی دەمتیژی
هەر هێندە نا،
ئازادی له چرۆش سەندەوە پێش پشکووتنی
که سەرە و ژێربوویتەوە، نازانی کەی بوو؟
له کرمی ئاوریشمم بیستووە، داری توو بووی !
به ترپه زانیوومه، جا هی دڵ بوو یان هی پێ
چ شەوێک ڕۆیشتووی
مخابن!
چرای ناوگەمێیەک بووی

## شتێکم گەرەکه

مردم هەتا قەناعەتم،

به گوڵێک هێنا ئێوارەیەکی تر بمینێتەوە
( جوانی ئەو لەو تەمەنە کورتەی دایە )
مردم هەتا قەناعەتم،
بە بلبلێک هێنا دووبەدوو دانیشین
( جوانی ئەو لەتەنیایی دایە )
مردم هەتا قەناعەتم،
بە ئەسپێک هێناخەمی نیشتمان بەباکەین
مردم هەتا قەناعەتم هێنا
بپاڕێمەوەو دانیشم و گوێ بگرم
کە قەناعەتیشم هێنا
ئیتر مەحاڵە بێ ئەوان ژیانم
دانیشتن و گوێگرتن و پاڕانەوە نا
گوڵ و بلبل و ئەسپ
ئەوانەی وەکو من هیچ شتێکیان گەرەک نییە
جگە لە چەند ساتێکی کورت

**وەکو.....**

وەک ماسیگر تۆڕ هەڵمەدە
بەهرەی ئەو ڕاوچییەت هەبێ، کە شەقیی دەستی نیچیرە
لەم یاڵەوە بۆ ئەو یاڵ
ئەوهایە شیعر لە کێوی خەیاڵ

وەک وارگۆنی پڕ مەبە
لە هەر وێستگەیەک هەندێک ڕەوتەنی دابەزن
کە دەگەیتە دوا وێستگە کەس نەمێنێ
وەک وارگۆنێ بە،لەهەر وێستگەیەک هەندێک ڕەوتەنی سەرکەون

که دەگەیتە دوا وێستگە جمەت بێ

پەنجەرەبم، داخرابم بە ڕووی باوەوە
یان با بم، بە چەپۆک بکێشم بە ڕووی پەنجەرەوە؟
هێزی ئەفراندنی من تێکەڵێکە لە هەردووکیان
بەڵام هەمیشە مایل بە سەرکێشیە

وەک زۆر شت مەبە
گرینگ ئەوەیە مشەخۆر مەبە
لە گەڵ خۆشت

## ئەگەر

ئەگەر دڵت کوتەکوت لێی نەدا
دیارە پر نەبووە
کە پڕبوو لێی دەڕژێ

ئەگەر گوناهێکی خۆت شک نەبرد
بە کەیف مەبە،
لە بەر زۆرییە کە نەیانبینی

بە زمانی دۆست قەت مەدوێنە خۆت

## ئاراستەی پێچەوانە

پاتۆنیاییەک
بەپەنجەی ناسکی
یاری بە تیشکی خۆر دەکا
دنیا،
لەو جووڵە بچووکە بەهرە وەردەگرێ

پرد بە سەر ڕووبارەوەیە
هەمیشە پرد بە سەر ڕووبارەوەیە
کە شار و مەملەکەت لەناو ڕووباربن
ئەو ڕستەیە بەم شێوەیە دەگۆڕێ:
ڕووبار بە سەر پردەوەیە
کە هەمیشە ڕووباریش بە سەر پردەوە بوو
پرد بۆ چییە؟

مراوییەک
لەناو گۆمێکدا دەبریسکێتەوە
ئیلهام درۆم لەگەڵ ناکا؛
گۆمەکە کەوتۆتە سەما
لە خۆشی مراوی
خۆشا بۆ  سەمای ئەو گۆمە !

**وەرزی ئابدین**

دڵت لە ژێر دەستم دا
گەرمە هەردەم
دڵم لە ژێر دەستت دا
ساردە هەمیشە
سوکناییە ئەوفێنکیە

گەرما و سەرمای دڵ
هی خۆی نییە

وەرزی من و تۆ
هاوینی نییە  نییەتی بەهار !
سروشت با بۆ خۆی دەرکەوێ
موڵکی خۆمانە ما هەقی چییە

من و تۆ کەهاتین
بەرگوشادین، وەرزی بۆ چییە ؟
لێزمەی باران و سەهۆڵبەند چییە ؟
کە دەشرۆین ئیتر،
وەرز نامێنێ
نە گۆپکەی تەڕی سەر لق دەپشکوێ
نە ئاو دەیبەستێ
ئەوها دەوەستن گشت دیمەنەکان
تا
ئەبەدی ئابدین

## بۆنی نون

بۆنی هاتنت دێ
چی پەلکە دەجوڵێ، ئاوی
لەو خاکەی چاندمان
لەناو پەرژینێک کە خۆمان تێکمان دا
هاتنت سەربەرەوخوار، سەربەکڵاوە
هەتا چاو هەتەردەکا دەبارێ
لەبنەوە ڕەگ و دەمار
لە بێتاقەتی چاوەڕوانیدا
لە سینەی بێ ئۆقرە دەجوڵێن
چی حەرفە دەهەژێن لە وشە
چی ڕەنگە بازرەقە دەدەن
وەکو مەلێک بۆنی بوومەلەرزە بکا
حەجمانم نامێنێ
نازانم چ کاتە ؟ کاتی تۆ !
بەم ناوە دەیناسم، بۆنی تۆ
بۆنی هاتنت نەمێنێ،
ماسوولکەکانم خوێن بەردەدەن
هەناسە خۆی دەکوژێ
بە ڕیشاڵی ئاسمانی نادیارەوە
دەڕۆن باڵ دەگرن باڵندەکانم
بەوە دەزانم تۆ چی لەبۆ من

## جەنگێکی تر

جەنگ لە دەرگای دا ( کێ هەیە لەو زیاتر؟ )
جێ دەستی گەورەی بەسەر دەرگاوە
بێدار دەبمەوە
هەموو شتێک ئاماژەیە بۆ تاریکی
لە پڵنگی نیگای شەو دەڕوانم
لەناو چاوی دارستاندا

ژەمێکی تێری خۆراکم
جەنگێکی تر و بێباکم
زیاتر مەگەڕێ، هەموو شتێک ئاماژەیە

شەیتان چۆتە ناو کەوڵمان
جەستەی سڕ بووی داهاتوومان
گۆڕی فریشتەکانی لێیە ، ڕابردوومان

جەنگ لە دەرگاوە دێتە ژوورێ
شەرمی نەما
بە هەر چوار لاوە دەڕوا چەشنی قەڵا
تەختەی شەترەنجە گۆی زەوی

## سێبەری مرۆڤێک شڵەژا

لە ناکاو،
کەشتییەکە لمووزی دای لە تاوێرێک
کریستاڵی ژیان شکا
بەو هەیبەتە شکاوەوە، نەسڵی شکاو
لە کەنار دابەزی
ئیتر نەما شوێنی تر و دنیای تر
شکا باڵی تیژ و خولیای بەرزەفڕ
لەو ڕووبەرە بچووکەدا
لەو چواچێوەیە تەسکەدا

هەرزینە کەڵەکە لە ژێربار
خەونینە وێڵی نادیار
لە دەشتێکی تاریکییدا، بە ڕووتی

شڵەژا،
سێبەری سەردار، خۆشی
بارەبەری لەڕ و چوێڵی خۆشی و ناخۆشی
بۆی کۆ ناکرێ
ڕێک ناخرێ بۆی سەودا و فەوزا
خەریکە دەربچێ دنیا لە دەستی

چاوی شەیتان بریسک و هۆڕ لە شەوەکانیا
قەڵەڕەشی پەشیمانی لە هێلانەی باوەڕەکانیا
" بەڵێ " هەردەم ئامادەیە سەردارم
نەخێرئاسا بڵەرزێنێ تەختی ڕۆژگارم
بەڵام تازە کلی خەمناکی
ڕژاوەتە ناو گڵێنەی تا پڕبوون
لە دەشتێکی تاریکییدا، بەچی دەچێ بێباکی

گۆی زەوی سوورە بە دەسیسە
شین دەگێڕێ بۆ مان و نەمانی
لە پشت پەردەی بینینەوە پاریکەر!
لە مەنجەڵی نادادیدا دەیکوڵێنێ بۆ بینەر!
لە ژێرقامچی زەبوونییدا دەلەرزێ
لە دەشتێکی دۆزەخییدا، وێڵ
ئەویش ماویەتی کەمێ
داد بۆ کێ ببەم سەردارم؟

## کافکا

لە دادگایەکدا،
دادوەرێک حوکمەکە دەخوێنێتەوە :
ئەم تاوانبارە!
نە دۆستە نە دوژمن
نە بەندە نە ئازاد
چارەنووسی ئەوهایە، تا ئەبەد
دەگەڕێ بە سێدارەی ملییەوە
لە نەخۆشخانەیەکدا،
پزیشکێک تەبەڵەکە دەخوێنێتەوە :
ئەم نەخۆشە !
نە تەواو چاک دەبێتەوە نە دەمرێ
چارەنووسی ئەوهایە، تا ئەبەد دەتلێتەوە
بەو دەردەی خۆیەوە
لە دادگایەکی ئیلاهیدا
دادوەری باڵا سەری سوورما
لەم سەرداره !
بە هەشت و دۆزەخی بۆ ئەو دانا
فریشتەی ڕاسپارد بۆ خەڵەتاندنی
لەو دەشتی کاکی بەکاکییە بزر بوو ئادەمیزاد

لەناو قلیشی بەردا
لە ڕۆخ ئاوی گەنیودا، لە کێم و برین
نەوەیەک سەری هەڵدا
زەرنەقووتەی باڵ شکاو
بە ملی باریکەوە ملی ڕێی گرت

لە دادگایەکی بێ کەسیدا خۆم حوکمەکە دەخوێنمەوە :

www.dengekan.com

بێنە خوارێ سێدارەکان
بکەرەوە دەرگای قەفەس
هەڵوەشێنە تەختی پیرۆز
کە پرسی، بڵی بۆ چییە دادی
کێ ماوە لەوەی بەندەی تۆ
تۆ باسی کێ دەکەی ؟

کلارنێت بژەنە ئاوازی نامرادی
هێشتا مۆسیقای ماڵئاوایی
نەگەیشتۆتە کۆتایی

## خوێن وپاشماوەکانی

لەنەخۆشخانەیەکی گشتیدا
بوتڵە خوێنەکان ، لەناو ڕەفەی سارد هەڵگیراون
له سەرەوەی ڕەفەکە نووسراوە :
گەنجینەی
بەهادارترین
ئەندامی لەشی مرۆڤ !
خوێن لەشە یان ڕوح ؟ گریمانەی هەر یەکیان کەمتر نییە.
بەڵام ، هونەری شیعری من ، بەلای دووەمیان دایە
شەقامەکان پڕن لە بتڵی بەتاڵی ئەو گەنجینە !
ڕیکلامی سەر بتڵەکانیش ، ئەوهایە :
هەرزانترین شت خوێنە.
هێشتا گریمانەی ڕوح و لەش ساغ نەبۆتەوە ،
کە بازرگانەکان کردیان بەشت !
زمان تاوانبارە ؛ کە فریای ئەو سووکایەتییە دەکەوێ
بەرلەوانیش ، حکومەتەکان تاوانبارن
کە ڕێگایان دا، ڕیکلامەکان بۆ خوێن بکرێن
بەرلەوانیش ، ئەکادیمیای زمان تاوانبارە
کە رێگای دا زمان هەتک بکرێ .
خوێن هەر چییەک بێ شت نییە
لە نێوان لەش و ڕوح  دا ئیکسیرە
سەت حەیف !
شەقامەکان پڕن لە بتڵی بەتاڵی
ئەو ژیانە یەخسیرە .

## ڤینۆس

لە سەر شووشەی بیرەیەک
پۆرترێتی ژنێکی نیمچە ڕووت
شێوەی ڕێکی لەش و لاری
تەماشاو چاوی خوماری
هەموو شتێکی خۆی بوو :  ڤینۆس .
بە پیتی گەورەش سەلماندبووی ،
لە ژێرەوە ،  بەڵێ هەوم .

www.dengekan.com

چەند کحوولی تێدایە ، خوای جوانی ڕۆمانی ؟
چەند ڕێکوشیکە بیرە ، لەبەردەم ژنێکدا
لە باڕێک .
کامەیان ڤینۆسە ؟

**نالی**

گەرماوێکە لە سەرکارێز
گەراجێکیشە لە ڕەحیماوا
کەچی خۆی شاعیرێکە ،
شیعرەکانی ڕوح دەشواتەوە
بە هەرحاڵ، گەرماوە، بەڵام هی ڕوح
گەراجی چی ؟ پاپۆڕە
ئەمما پاپۆڕی نووح

## له نیوەخەودا

له نیوه خەودا جەمیل سائیب بەئاگادێ
شارچۆڵ بووه له خەون!
لەسەر شوورەوه تەماشا دەکات
خەونەکان به میگەڵ ڕادەکەن بەرەو دوور
نەخەوەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، نه خەونەکان .
لەناو پێخەفی ساردی شەو
پیاوێک ڕاکشاوه ، نیوەی خەون خواردویەتی
نیوەکەی تر، سەگەلی شێخ مەحموود

**سوپەرکاریکاتێرمان**

بە ناو لێرەوار و دارستاندا نا شەوی نوتەک
بە سەر کەشتی چارۆگە گەورەوە نا بەلافاو
بە وارگۆنی ئاخنراوی قیتار نا دوای جەنگ
دەگەڕێمەوە، بەڵام بەو ڕێیانە نا
بە خۆکوشتن،
خۆکوشتنی مکوڕ و بە بڕیاری پێشوەخت
دەگەڕێمەوە داهاتوو
لەناو هەموو تەماشاکاندا ئەوەیان هەڵدەبژێرم
کە چاوم بڕیوەتە چاوی پڵنگێک ئامادە بۆ پەلامار
لەناو هەموو دەنگ و ئاواز، ئەوەیان هەڵدەبژێرم
کە گڕترینیانە و ناساز، بەرانبەر حەشامەت
لە پێناو سەرکەوتن نا
لە پێناو کوشتنی خۆرایی
تامی خوێن فیسقەی کردووە بۆ ناو زار
ئیتر پێویست بە تامی تر نامێنێ
پێویست بەبۆنی ترناکا

www.dengekan.com

هەروەها سۆز و دەماریش، ئەوانەیان هەڵدەبژێرم
که بەرگەی جەنگەکان دەگرن
ئەوانەی هەردەم بەڕێوەن
بۆ لامان
جەنگ پێویستی بە یادەوەریی نییە
پێویستی بە گێڕانەوە نییە، زمانی بۆچییە؟
خۆی کاروباری خۆی ڕایی دەکا
خۆی خۆی نوێ دەکاتەوە، بە کەرەستە ترسناکەکانی
بێدەنگی
هەر خۆی بەسە بۆ ئەو دنیایەی،
لە خۆڵەمێش دروستی دەکا

## تەکنیکی بینین

لەخەون دا نا

دیمەنێکی نیمچە ڕاستەقینە
وەکی ئەوەی فیلمێک ببینم
" ڕووخانی قەڵا "
مشکەکان هۆکاری سەرەکی بوون
کەچی ڕاپۆرتی یۆنسکۆ، قەدی دار تاوانباردەکا
خشتی باوەڕی قایمی دیوار، نەلەرزی بە بوومەلەرزە
وەرە ئەو هەموو زامە ببینە بەجەستەی خاکەوە

لە مەلی ڕاونراو ببیستە، پلوکەبەردی هەرزە
لە سینەی نازدار ببیستە، چزەی داغی کوێر
لە کورە دلێر ببیستە، داستانی گومڕایی
لە بنی پێوە پووچییە تا تەوقی سەر
شوورەی بەرزی تارمایی و دێو
ماڵی چۆڵی ئەشقیاو خێو

ترسم هەیە دنیا لەگەڵیا بڕووخێ
ئەو جۆرە شوێنانە هاوشێوەی باخەکان
میوەشیان بگەنێ، لقوپۆپ قایم دەکەن بۆ وەرزی  داهاتوو
ناکەونە داوی خەیاڵی بابردوو
کەچی ناوەرۆکی فیلم بچووک بوونەوەیە
لە بازنەی فراوانەوە بۆ پنتێک
جا پنت نغرۆ بوو، لە تەکنیکی بینین

مەچەکی بلوورین هەڵکە نەجیبزادە!

## خەریکە

گەنجینە لە شوێنی تەقەت هەڵدەگیرێ
شڕوشیتاڵیش لەبەر چاوان
تاج بۆ پشوودانیش لە نزیک دادەنرێ
سەودا ناکرێ بە تاج!

لە کاتی نائومێدیدا،  گەوهەر دەڕێژم
ئەگەر کەس نەبوو سەودابکا
بانگی دۆستە کاغەزییەکانم دەکەم

هەریەکە و شتێک ببا کە لە ئەسڵدا لە خۆیم خواستووە، بە کەمێک دەسکارییەوە
بۆ نموونە:
گەنمە ئاڵتوونییەکان، بەو جوانییە تەنکەوە لە وادەی هەڵتۆقین دەدەمەوە  کێڵگەکان
لیرەی خڕی ئەندازەیی فرمێسکەکان، پڕ بە کیسەی هەوری حەسرەت دەگێڕمەوە گلێنەکان
تاقگەی بەرزی ئاوازەکان، بەو مۆسیقایە ئۆرکستراڵییە دەژەنمەوە شاخەکان
هەر تەنیایی ڕووت بمێنێتەوە بۆ خۆم
بەو ڕووتییە، لە ساتێکی ئەوهادا
غەریبییەک دەمگرێ، لەو دەشت و بەڕیایەی عەدەم
گومان دەکەم، شوێنێکی گونجاو شک ببەم
لە تەنیایی گونجاوتر
ئەوەی من نەخشاندم لە سیماو لە ناخ
کەڵکی کوێی دەمێنێ، مەگەر
کاغەز فریای غەریبی بکەوێ
خەریکە ئەویش
باوەڕ بێنێ بە ناچاری
لەناو شڕوشیتاڵی بێ بەهرەکاندا

**یاقووتی بۆرمی**

ئەو کاتەی، جومگەکان
بەرگەی درێژیی شەو ناگرن
شولی هەناسە، سینە بە ئاگادێنێ
لە خەوی بێ مەبەست
وەکو تەپەتەپی لە ناکاوی ئاپۆرەیەک.
تریفەی هەستەکان
لە پشت پەردەی بلووری هەورازێک،
کە هەتا دەڕوانی هەر تەمە
بۆ دیتنی دوورایی ،  پێڵووەکان دەنووسێنی بەیەکەوە
کەچی دیمەن و وێنەکان هەر تارمایین
زەینی کوێر، فریای بیرچوونەوە ناکەوێ
ئەو کاتانە ،

بۆ پیری پەشێو باشترین چارە ئەوەیە؛
گوێ قوڵاغی دڵی خۆم بم !

دوێنێ ، خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هاتنی ئەمڕۆ
ئەمڕۆ ،
خۆ ئامادەکردن نییە بۆ هاتنی سبەی
داپڕانێکی لینگەوقووچە
ئێستا خەونە، کە بە ئاگادێم سبەینێیە
کلێنجەی زیندووبوونەوە دوێنێیە
باشترین چارە ئەوەیە ،
پاڵ بنێم بە دڵی خۆما
تا کۆتای بێ کۆتا
بێسنوور تا هەتا .
دەنگەکان دوورن، یان
وشەکان ڕۆچووون بە قووڵاییدا؟ بە زەحمەت دێنە گوێ
بێدەنگی ئەو دیو دەنگەکان  هەتا دێ گەورەترە دەبێ
بە دیار سێبەری دڵی خۆمەوە
سەرلەنوێ  دەکەومە هۆنینەوەیان

ساڵانێک، کە لێم ڕوون نییە
لە کەیەوە دەست پێدەکا
هەر ئەو خەونە ئاڵۆزە بوو
هەر ئەو دڵە وێرانە بوو
نەیهێڵا  کۆن بێ دنیا

ئەو ڕووناکییەی کەڵەکە لە چاو
مەشخەڵی گرتووە لە ڕۆژ،  بێ هاوتا
ئەو بێدەنگییە هەڵچووە لە کێو
باراناوییە هەوری بێ کۆتا
سێبەری باڵام نییە ژیانم
خۆری هاوینەی  سەر تەوقی سەرمە

وەک جەنگاوەرێک بێهوودە لە جەنگ
لە ناو گەمێیەک
بە سەر ئاوەوە، ئاماژە دەدەم
مەلەوانێکی لێزانم !
ئەو ئاوە هێشتا پر مرواریيە
هەوا تەژییە بە بۆنی خودا
دڵی جەنگاوەر !

کەرەستەی نوێ ئامادە دەکا
بۆ جەنگی دوایی و ژیانی دوایی
کە نایەوێ بە کون فەیەکونێک لە دەستی بدا

## خۆرئاوای باخێک

*بۆ مەرگی شاعیرێکی گەنج*

ئارامییە لە پشکۆ ( بەدیارییەوە )
هاشوهوش نییە لە هێمن بوونەوە
چەشنی ئاوازێک ، کە هێشتا نەغمەی نەگرتووە
بە کونی بلوێرێکدا، هەناسە بردی بەرەو قووڵایی
لە بێدەنگیدا گوێم لە سیرەی ڕەوتی نەرمی گرتووە
بە سەر بەفری بیرچوونەوە
لە سەر تەختی بێتاقەتی ، تا گرتوو
ئاوێک نەبوو لێوی پێ تەڕکەم
گۆزەی پڕی لەگەڵ خۆی برد
شەوێک ،
کتوپڕ ، لە کۆڵانە بێ چراکان
کۆڵانەکانی شیعر
کۆڵانەکانی تەمەن بێ منداڵی
هەڵخلیسکام

چەشنی گەمێی، ونبووی ناو نەشئەی شەپۆل
بە باوەشی سۆزێکی شێتانەوە
دەریا هەژا بە دەستییەوە
ڕۆی و نەگەڕایەوە

لە دەرگای زۆر شارانم دا
لە هەیوانی زۆر وەرزەوە
لە پەنجەرەی زۆر سنووردا
هەواڵیم پرسی ، کەس وەڵامی نەدامەوە

www.dengekan.com

خەونم دیبوو ، لەو خەوەدا
باخێکی پڕ میوە
هەورێکی تەڵخی نارنجی
بارانێکی لینجی هێنا
بە کۆش ڕشتییە سەر باخ
کۆستی درەختەکانم دی ، لە هەڵوەرینی ئەودا
مەرگی میوەکانم دی ،
لە مەرگی ئەودا

شەوێک،
نە مانگ دیار بوو
نە کەس
لە کێوم ڕوانی ، بێکەس
هەناسەی وەستابوو
لە ناو نوێنی مردن دا

پیاڵەکانی هەموو بنۆشیبا
ژیانەکانی هەموو بژیانیبا
دەمووت ، ئۆخەی !
نەک ژیانێک ،
بارتەقای چۆلەکەیەک گۆشتی پێوە نەبوو

**غەریبینامە**

هەر جارە و یەکێکمان لێرە نین
ئەو بە دوو باڵی بچووک ، من بە دوو باڵی گەورەوە
زەحمەت بوو پێکەوە بفڕین
نالی ئەوها شارەزووری دەلاواندەوە، مەبەستیشی لە خۆی نەبوو
ئێسقانی سەر شان و باڵی ئەوها ڕوا بوو
مانەندی ئەو خاکەی، بورکانیک بتەقێتەوە لە عاسێترین شوێنیدا
ئەوها مەملەکەتی تێکدا، نەگونجانی
خۆی و شیعرەکانی لەگەڵ دنیادا
پڕۆ سەیری گۆڕەکانیان بکە، لە ئاوێنەی کێلەکان پڕوانە
چ غەریبییەک شینبووە
چ بەدحاڵیبوونێک ژیانی شەمزاندووە
هەر دەڵیی هێشتا نەمردووە.
ڕستەیەک بە زمانی نیشانە دەڵێ،
کەس هێندەی من وڵاتی خۆش نەویستووە
کەسیش هێندەی من لێی بێزار نەبووە.

شەیتانێک بەردی غلۆر دەکردەوە، لە شوێنێکی زۆر بەرزەوە
ڕوانیم
ئەو تاشەبەردانە، کێوی خۆمن
دەڕمێن بەسەر سەری خۆمدا
ڕووم وەرگێڕا و ئاورم نەدایەوە

نامەوێ لە کاتی توورەبووندا ناوت بێنم
بە چاوی منداڵ تەماشات دەکەم
دەنوشتیمەوە
بە شەرمەوە، داوێنی تەڕت ماچ دەکەم
ئەو هەموو تەوقەی کردبووتە ملمەوە
نەیهێشت هەستمەوە

قەت لە خۆت پرسیووە، لە کوێم ؟
چارەنووسی مەسیح بردمی
ونی کردم لە تەمتومان
مانەندی دارستان، تەم پەروێتەوە
دەردەکەونەوە دارەکان

هەندێک ڕستەم لە شێوەی پرسیاردان
لە بنچینەدا وەڵامی ناقۆڵان
زەڕافەی مل درێژن، لمووزیان دەگاتە گشت جێ
کەی جلەکان فڕێ دەدەی ؟ بە ڕووتی
لە سەوزایی بەهارێکدا، بە بەر چاوی خوا و خەڵکەوە
بە باوەشی یەکترەوە سەما دەکەین ؟

www.dengekan.com

شیعری من کراسی ئاوریشم نییە
لەزەتیشی، کردنەوەی دوگمەکان نییە
ئەوە کاری ناشارەزا و هەرزەکارە
هێزی ناسکییم،
لە مەمکی دەرپەڕیووە
لە بن لوتکەی زماندا
جوانییشم پێشینەی نییە
بێکەس و تەنیاتر لە ڕۆژ
لە بن ئاسمانی بەرزی خۆت
گوڵاڵەسوورەی دەشتی خوێنینت، بەس نییە ؟
بەس نییە، ئەو پێیە گەورانە بۆ دەیانشێلن ؟
قەت لە خۆت پرسیووە ؟

لە پەرستگایەکدا، کتێبێکی کۆنم بینی
ناوی تۆی تێدا بوو
لە خۆشیان لە هۆش چووم
کە چاوم کردەوە، دیار نەمابووی
دەستم خستە سەر سینە، شوکرانەم کرد بۆ کتێب
کە تۆی داوە خۆم
گوێ لە دڵی من بگرە بە نەوای خۆتەوە
گوێ بگرە لە ئەڤین بە لەرزینی خۆتەوە

بە شەوی درێژ لە کۆڵانی تاریکدا، تۆ چرای
لە بازاڕی ئێرە و ئەوێم،
تۆ سەرمایە و دەستمایەی بێ هاوتای
قەفەسی مەرگ بکەوە
هەر بۆ لای تۆ دەفڕمەوە
ئەگەر چی تۆ هەمیشە لە جەنگدای
ئەرێ
لە کێ بپرسم،
ئەو هەموو جەنگە بەس نییە ؟
زەوی دڕاو دەدوورمەوە،
لە سەت لاوە دەدڕێتەوە
نیوەشەوێک،
سەر دەخەمە سەر شەبەقێک لەو خاکەت
بە داوی خەونێکی خۆشەوە
بە مۆسیقای شیعرێکی مەدهۆشەوە
دەگەینە لای خوا
ئەویش خەوی لێکەوتووە
بە دیار شەبەقێکی گەورەترەوە

باسی ئەوینتم لای کۆترێک کرد
بە سەر لافاوی دنیاوە
لە من غەریب تر دەفڕی
حەرفێکی ناوی تۆی برد
کە گەیشتە وشکایی سوجدەی برد

غەریبی هەردووکمانی گەورە کرد
هەر غەریبییش هەردووکمانی لەیەک کرد

## ئێوارەی بەرزاییەکان

*بۆ جان دۆست*
*[ هەندێکجار پێویست بە بینین ناکا، دڵ پێشت دەکەوێ ]*

دوا عاشقەکان،
بەو جلە کۆنە بۆندارەی نووساوە بەلەشی شلیانەوە، شل شل
وەکو ئێوارە بەبەرزاییەکانەوە
مەمکەکانیان کەمێک دەرپەڕیوو، لەحەژمەت لێدانی بەپەلەی دڵیان.
کەمەر نەخشیووی بووکانە بەفیشەکدان،
ئەگەر شەرم لەخۆی بکا ئاڵتوون و زیو، سەر کز دەکا بەرانبەریان.
سەروبسکی قایم گرێدراو، بە بەهرەی خۆرسکی ژنانە
زەردەخەنەی دایم لەسەر دەموچاو
ئۆخەی
دوا عاشقەکان.
گۆرەوی و پێڵاوی بێڕەنگیان، لە دەوری پەنجە و قولەپێ
لەداخی ستەمڕەنگ ناگرێ،
بەو بێڕەنگییەش جوانترە لە چەرمی ڕووی هەندێ
بۆ من پەلکەزێرینەیە !
تیژەفڕ بەسەر شارەوە، گوێم لە شەقەی ئاوازیانە،
دوا عاشقەکان.
دڵم نایێ تەماشای ناو چاویان بکەم، لە دوورایی نیگایانەوە،
تەمی نەخشینی ڕووی ڕووبارێک کلڕێژی کردوون
بێ ئەندازە سینە پاک، دوا عاشقەکان!
سێبەریان بە دیواری ماڵە چۆڵەکانەوە، لە کۆڵانەکان
بە ڕوحی بێ کەسانەوە، لە بەرزاییەکان
سێبەریان درێژبۆتەوە هەتا چاو هەتەردەکا

دوا عاشـقەکان! دوا بەهێیە بۆنخۆشـەکان!
دوا عاشـقە سـەمەندەرییەکان!
هەندێکیان لە جیاتی بازینگ گوللەیان بە بۆنی مێخەکەوە لە مەچەکدا
کە دەزرنگێنەوە،
تەنبوور بەدەسـتان لەپەرسـتگای ڕۆژ، دێنە جۆش.
هەندێکی تریان، بارانی تازە داکردووی بێ ڕتووشـن ، هەر بە تەڕی ئەو
بارانەوە
بێ هیچ دەسـتکارییەک پەرین .
هەندێکی تر، بە مەشخەڵی بوێرەوە، شـەختە شـکێنی ترسـی شـەوانن
سـەردەمێکی تازە بە ڕێوە، یان
ئەوانن بەڕێوە بۆ سـەردەمێک .
هەر بەو ڕەنگە ڕژاوەی ناو دەماری شـلیان، رەنگرێژی دنیا دەکەن
دوا عاشـقەکان!
دوا عاشـقە ترنجییەکان!
کەسـیان  نییە
خوای بێ کەسـان، پاسـەوانیان
پایزی لە ڕەگەوە تاسـاویان
شـەقامی پڕ باروت و ئاسـن، های لە من !
دەنگی پڕ ئاوازی شـیرین، دەلەرێتەوە
شـەڕڤانێکی ناسـکۆڵە لە جەنگ دێتەوە
کەسـی بێکەسـان چەپەری بە، هەناری ناو باخەڵی بە
گوڵە کێویلەی سـەر کولمی زەردی بە، بابی بە، نەوەک با بیبا.
تۆوی لە خاکدا جێماو، ئەم بەهارە دەڕوێنەوە
ئەسـتێرەی لە شـەو ونکراو، سـەر لە ئێوارە دێنەوە
گوێم لە لێدانی دڵیان گرتووە، کانیلەی ژێر بەفرن
مامزی دەشـتایی تەڕن،
دوا عاشـقەکان.
لە سـییەکانەوە هەناسـە هەڵنامژن، تفەنگیان نووساوە بە پەراسـووی
ڕەقییانەوە
بەفراوی بناری کوێسـتان دەڕژێ، لە لووتی فسـتقییانەوە
هەڵمی لێ هەڵدەسـتێ مەنجەڵی هەناوی کوڵاویان
کە دەگاتە بن ددانیان هەوری سـک پڕی بەهاریی
دڵۆپ دڵۆپ ئەو بارانە گەوارایە دەڕژێ، لە زاریانەوە
لە پێناو ژیانێکدا، کە بەرزایی تەماشـای دەکا بۆ دیتنی دەشـتایی
دوا عاشـقەکان!
دوا عاشـقە بەفراوییەکان!
دوا عاشـقە نەنووسـتووەکان!
بەڕێوەن بۆ لامان.
دوا عاشـقە هەنارییەکان!
دوا عاشـقە مۆسـیقییەکان!
دووردەکەونەوە لێمان.

دوکەڵی جەنگ بەسەریانەوە، شەدە لار، قەقنەسی ناو ئاگر و ڕەشەبا
دوا عاشقەکان
لەناو نوێنی شەماڵدا، لە تریفەی تەماشای خوادا، لەپەنا بەردی
سەبووریی،
کێوی بۆندار، خشپەی گەڵایان دێ لەناو دارستانی شەو، بەڕێوەن
بە نیازی سەرخەو شکاندنێک
پشوویەکی پەپوولەیی
یەکتر بینینێکی کورت، لەگەڵ
باوەڕی نەچەماوەی ئامادەی فڕین
بەیانیتان باش لە کۆبانێ
بەیانیتان باش لە ئۆقیانووسی خوێن !
کڵاوڕۆژنەی لوتکە کراوەیە بۆ هەوری بەیانییەکی نوێ
چاو خەریکە دەردەپەڕێ بۆ هاتنی
دوا عاشقەکان،
ماڵە چۆڵکراوەکان، وێنە بەجێماوەکان، دیوار پێشانگەی تارمایی
دەرگاکانی لە سەر پشت جێماو، مادامەکی ئەوان لە وێن ،
دوا عاشقە بارانییەکان.
بە کۆشی دنیاوە ژنێکی گوڵەگەنمیی سکپڕ، ئاسمانیکی ژان گرتوو
سک دادەنێ لە کۆبان .
دووپشکەکان بە کلکی وشکانییەوە ، لە بیابانەوە دزە دەکەن
بە دەمی چەوری پاسەوانی حەرەمەوە
بە پیلانی سیخووڕی زلهێزی خەونی چڵێسەوە
دەخزێنە ناو بالیف، ناو نان و هەوا
ژەهر سواربوون، دەجالەکانی ناو تۆیتەر
جل ڕەشەکانی ئەسپێ، پیاوە گەسکەکان
تەنەکەی خۆڵ و هەمبانەی ڕیخ
پیاوە زێرابەکان، پاشماوەی قەسابخانەکان
پیاوی ناو دەرپێ، لمووز بەخوێن
بۆ جەستەی کارمامزی بریندار، پیاوانی هار
لە کۆڵانی غەریبییدا خیوەتییان هەڵدا [ کۆمەک بۆ کۆبان ]
دڵیان دانا
چاویان دانا
جەستەی تەڕی خۆیان دانا
خاکیان دانا
ئێستا و داهاتوویان دانا.
روحی ماندوو، ئێشکگری شەو و ڕۆژی بەرزاییەکان
دوا عاشقەکان
لە مەرگ دان
دوا عاشقەکان
لە جەنگ دان
دوا عاشقەکان

له عه‌شق دان
له دامێنی چیاشه‌وه، نه‌وه‌ی تازه له دایک بووی  پڕپه‌وكه
بۆ ، دوا جه‌نگ و
دوا مه‌رگ و
دوا عه‌شق
هێشتا ناومان لێ نه‌ناوه.
مۆرفینی ناوێ، مه‌ستین مه‌ست
خه‌مگینی پێناوێ، پێناوی ژیانێكی سه‌ربه‌رز
ڕۆنی ئه‌و بۆنه‌ ده‌تكێ له ئێواره‌وه
شووشه‌ی دڵ پڕبووه، شار پڕ بووه له به‌رزاییه‌وه .
دنیا سه‌ری سوورما هێنده‌ی به دیار ئه‌و مه‌مله‌كه‌ته‌وه  هه‌ناسه
هه‌ڵكێشێ
دڵ  په‌نای دڵ
به‌رد په‌نای به‌رد
مه‌ڵاس دراون
ئێسقان ده‌هاڕێ، سه‌رمای شه‌وی ژوور
دوا عاشقه‌كان
به دیار ئاگری جه‌نگه‌وه له سه‌ر چینچک دانیشتوون
ئاماده
ده‌نگی منداڵێک دێ له دوور

## هایكۆی تریفه‌خانه‌كان

له به‌ر مانگه‌شه‌و وه‌ستاوم
وه‌ك پیاڵه‌یه‌ك
له به‌ر ده‌م قوڵپه‌قوڵپی
شووشه شه‌رابێكدا

www.dengekan.com

مەی دلۆڤانە
تا پیاڵە بەتاڵترە
گەرمترە گۆشەی مەیخانە

مەیخانە ئاسمانە
پیاڵە هەور
تۆوێکی زۆرم چاندووە!
دایکەیە  باران ساقی

شەو چووە پەردەوە
لەدەرگای مەیخانە دەدەم
بیکەوە ساقی

لە دەرگای مەیخانە ڕیزیان بەستووە
پەلەیانە ئەهلی ئەشق!
بۆ شەوێکی نوێ

لە بەهەشت چەمی مەی هەیە
هەبایە لە دۆزەخ
دادەمرکاوە ئاگری

لە بیانوو مەگەڕی بۆ مەی  بیانووی ناوێ
ژیان خۆی بیانووی نییە
بۆ  چ  پێناوێ

بۆ چوونە مەیخانە
ئامادەیە هەموو کات بیانوو
هەموو چوونێکمان ! بێ بیانووە بیانوو

بیر مەکەوە چەند ڕۆژت ماوە
سەیری پیاڵە بکە چی تیا ماوە

دەف و مەی شەویان لە بیر بردینەوە

دڵشادم بە مەی
بە حوکمی مەیخانە
کە هەر یەکە و پیاڵەی خۆی هەڵدەدا

لەخەویشدا
هەر دەنگی لەیەکدانی پیاڵەم دێتەگوێ
شەرتە لەمەرگیشدا
هەرئەوم بێتە گوێ

چارە نییە
دەبێ ملکەچ کەین بۆ بادە

کوێی دنیا دەگەڕیی
گەرم تر نییە لە کۆڕی مەیخانە

پیاڵە پڕ نەبووە
دڵ
شکاوە لێی دەڕژێ

گوێت لە دەنگی مەستانە  دەگاتە دوور
شوکرانە دەکەن بۆ مەی
گوێت لە دەنگی مەیە، ئەی مەی؟

دەرگای مەیخانە دامەخەن ئێمە لەوێین
مەی بێنە ساقی
شەوی مەستانە

لە مەیخانە هەر مەی نییە
ئێمەش لەوێین
لە حزووری مەی دانیشتووین
گوێ ڕادەدێرین

داخراون مەیخانەکان بەم بەیانییە
لە پیاڵەی گەورەی خۆت بۆم تێکە ئەی ڕۆژ
لەو مەیە سوبحانییە

هەموو شیعرە نەمرەکان بۆ مەی نووسراون
هەموو دینە مەزنەکان بە بادە ئاودراون
هەموو دەجالەکانیش
بەر نەفرەت خراون

دڵی شکاو بە مەی چاک دەبێتەوە
کوێر بینۆشێ
چاو دەکاتەوە

جۆگەیەکی مەی ڕاکێشن
بۆ بەردەمی مەیخانە
ئەوێ بەهەشتە

زستان هات با ڕووبکەینە مەیخانە
هاوین هات با ڕووبکەینە مەیخانە
بەهار هات با ڕووبکەینە مەیخانە
بە پایزیش هەر لەوێین

دڵ دەشکێ وەک شووشەی شەراب
لەویان چی دەڕژێ
لەمیان چی دەشکێ

لە مەیخانە دێمە دەرێ
دنیا پیاڵەیەکی پڕە
لە بادەی ئێمە

دەمی یار پیاڵەیە
وەسفێکی چەند شاشە
بادەیە پیاڵەی چی

لە کەنارەوە تەماشا دەکەم
پیاڵەیەکی لێوانلێوە

دەریا
لە سەر مێزی خوا

تەمەن پیاڵەیە
تۆ مەی و تۆ مەی و تۆ مەی
ساقی خێراکە بۆم تێکە ئەو مەیە
تەمەن ڕۆی

چەند کوپەڵە مەی بخواتەوە
سەرخۆش دەبێ ڕۆژ
کە پەپوولە بە قەترەیەک سەرخۆشە

**هایتۆ !**

دڵ کەسی تری تێدا نییە
چاو وێنەی تری تێدا نییە
هەمووی هەر تۆ
دنیاش کەسی تێدانییە
بێ تۆ

بەیانی دەمی تۆیە
خۆر دەمی تۆ
دنیا ڕووناکە بە تۆ

بەرزترین لوتکە کوێیە ؟
لە دڵ بەرزتر کوێیە ؟
مەگەر چاوی تۆ کە تەماشام دەکەی

زەمانی میهرەبانی هات
قیرووسیا لەوەی دەڕوات
زارم لە چاوەڕوانیتا
ماچێک لەودەمە نەهات

عاشقێکم ڕووت و برسی
نانی ڕووتم پێ بدە
خۆ دنیا خراپ نەبووە

لە شەوی ڕۆیشتنت مانگم
لە ڕۆژی هاتنت ڕۆژ
هەر ڕووناکم
بە دیارتەوە

ناوەندی دنیا دەمی تۆیە
ناو دەمی تۆیە
دنیام

زەرد هەڵگەڕا
بەهێی مەمکت
بە دەستی منەوە  لە ترسی ڕەقیب

ئاوم ویست دەمی تۆ
نانم ویست دەمی تۆ
ژینی بێ کۆتاشم ویست هەردەمی تۆ

دنیاچییە  ژیان چییە  مردن چی
کە تۆ هاتی
هەموو بەسەرچوون  تۆ مای

لە باخچەدا  کە تۆ هاتی گوڵ چییە
لەو دنیاشدا
کە تۆ دێی مردن چییە

بە شەو هەر بیر لە تۆ دەکەمەوە بە ڕۆژیش
فەرقی چییە
کەوابوو
شەو و ڕۆژیش

دڵم بۆ کوێ لێ بدا
دەزانم  تۆی لێیە
کە تۆ نەمای
بۆ کوێ لێ بدا ئەو ڕەنجەڕۆیە

خاڵی ڕووت خاڵمە
مامە و برامە دوو لێوت
هەموو کەسوکارمە ڕووت

سارا خۆشە کە تۆی لێی
هیچ  خۆش نییە
بێ تۆیی

تۆپەڵە بەفر نییە بتوێتەوە
پیاڵەیەکی خودایە
بە دەستمەوە  دەدرەوشێتەوە  مەمکت

لە سەرعەرشی تۆ دانیشتووم

www.dengekan.com

وەک خاڵخاڵۆکە
لە سەرپەلکی گیا

لە هەرکوێ بم باکم نییە
لە مەیدانی جەنگیشدا
تۆ هەمیشە لە دڵمای
دەمپارێزی لە دز و جەردەو ئەشقیا

کە دەمرم
لە سەر گۆڕەکەم دانیشی
وادەزانم نەمردووم

جامی پڕ و بەتاڵ چییە بە من چی
مەی و مەیخانە و ساقی بە من چی
کە تۆ دێی، هەموو خەڵکی دەڕۆن
بە من چی

## وردە تەماشا " نیو نیگا "

چاو زیندانی تەماشا نییە
کتێبی تۆماریەتی
تۆ ناونیشانی

بەلەمێک دووعاشقی بە سەرەوەیە
لە ناو ئاوێکی تاریک
سوڵی دەستیانی

گەوهەرێک لە دڵمایە
ئەهلی بازاڕ پێیان نەکرا
ئەوە تۆی

تەنیا شتێک کە باکی هیچی نییە
پووشکەیە
ئەوە منم!

**ماكۆكین**

هەندێك ساڵ هەن بەسەر پشتی ماسییەوەن
لەبەر لووسی و لەبەر خزی
بەنێو پەنجە و دەستی ڕۆژەكانییەوە
خۆت ناگریتەوە
هی واش هەن دەنووسێن بە قەدی تەمەنەوە
هەتا هەن هەڵدەكشێن
*
دوورایی وشە دەگاتە كوێ؟ ئەی كەسی بێكەسان
دوورایی خەیاڵ دەگاتە كوێ؟ پاسەوانی چۆلەوانی
ئەی مامانی هێلانەكان!

(خەون خاكەڕایە، بەكۆنە قاقەزەوە نووسایە).
ئەی شاعیر، سوێند بەو هەزارانە بخۆ
كە بێجگە لە ئاواز،
متمانەیان نییە بەهیچ
سوێند بەو قامیشانە بخۆ
جگە لەنەی هیچ شك نابەن
دەردی دڵی خۆیانی لابڵێن .
جادووگەرنی، بەسەر پاناوكی كەشتییەوە
جادوو بكەی لەشەپۆل
جا شەپۆل متمانەی بە دەریایە؟
جگە لە دەریا چی؟!
پاسەوانی نوشتە و جادوو
پاسەوانی كوندەبەبوو
هەی پاسەوانی تەنیایی، ئەی شاعیر!
(ئاوی ڕوح نوونە
ئاوی ڕوح شینە
ئاوی نمەكینی سوور)
حەرفەكان چۆن بوونە ئاوی نمەكین؟

www.dengekan.com

تەمەن ئەستێرەیە هەڵدێ و ئاوا دەبێ
- کێ ئێشکی لێ دەگرێ؟ -
*
لە ڕوخ گۆمە خەمگینەکان،
جلەکانم فڕێ دەدەم
ئەوەندی ماوە
بە ڕووتی دەیبڕم
ئەو گۆمە تەم نیشتۆتە سەری
متمانە ناکە بەو تەمەش
*
ئەو ساڵانە بەو وێستگانە دەشوبهێن
کە شەمەندەفەر تێیاندا دەوەستێ
بۆ سەرلەنوێ دەستپێکردنەوە
ئاسۆی سەفەرێکی تازە دەکەنەوە
*
هەستەکان تۆماری سەر فیلمن
هەندێکیان لێ دەدرێنەوە
هەندێکیان دەسڕێنەوە
(ساڵی ١٩٧٤...تاد)
تام هەر دەمێنێ لەزار؟
دەنگ سەرلەنوێ دەبیسترێتەوە؟
چاو ڕووناکی ڕژاوی خۆی هەڵدەگرێتەوە؟
هێزی بیستن هەر هێندەیە؟
دڵ تەنیا هەر ئەمەیە،
کوتە کوت لێی دەدا؟
*
هەموو جار کە دەمەوێ ساڵانی زوو بێنمەوە
دڵ دەنێرم
ئەو قاسیدە
هەموو جار
بە خەمێکی ئەبەدییەوە
دەگەڕێتەوە
لەناو قووڵایی غەریبی
نێچیرێکی بەدەستەوە
تووکی سەر قاچیشی تەڕە
بە گریانم
*
کێو بەسەر شانمەوە ـ مەملەکەت قورسە بە خوێن ـ
ڕووبار دەماری پچڕاوە
دێوێکی ڕەش
لك بە لکی درەختەکان هەڵدەپاچێ

www.dengekan.com

(که من ویستم ئەو ساڵە بنووسمەوە،
بەفر وشەی بۆ هانیم بە لوتکەوە
باران ڕستەی بۆ داڕشتم
سەرما خاڵبەندی دانا
قافیە قۆپاوە، نووسا بە پشتی شیعرەوە
کێش شکا لاسکی)
بمبوورە ئەی خوێنەر لە کەموکورتی
چێڵ لە بری ئەوەی بدۆشرێ
کوژرا
هەڵوێستێکی شێتانە لوولی دام لەگێژەلووکی
لەوپەڕی بێکەسیدا
مەملەکەت خۆی نیشاندا
*
خەون بە کەرەستەی جەنگەوە دەکێشرا
گوڵ بە شمشێر
باوەش بە قەڵغان
چاو بەسەنگەر
تاد... تاد
میلی سەعات بە دەوری جەنگدا دەسووڕا
هەر چرکەیەك و فیشەکێك
*
بەو بەهرە کاڵ وکرچەوە دەگەمە کوێ؟
ـ هێشتا لە نووسینی شیعرێك نەبوومەوە
حەرفەکان باڵیان گرت بەرەو بەرزایی ـ
لەتارماییەك نزیك بوومەوە
گۆڕی خۆم بوو ـ وتم، ماوەمە بۆ بەزمی
ئەو بەزمەـ
لەسەر کێلەکەی نووسیم:
هێشتا نەمردووم!
*
لە سندوقێکدا موڵکی جەنگاوەرێکی کۆنم دۆزییەوە
بوومە سوڵتانی
لە گێژاودا پەڕیمەوە
دڵم خەبەری دابوومێ
کێڵگەیەکی تازە دێتە پێشم
خۆمی تێدا دەنێژم
*
(باڵەکایەتی) گۆمێك بوو پڕ مراوی
لایەکی نغرۆ دەبوو
لەلافاوێکی دۆزەخی
وتیان، هی دۆستە!

www.dengekan.com

کوا لافاو دۆستە؟
*
بەو هەموو سادەییەوە پایتەختی فەوزا بوو (چۆمان)
( لەو مەراسۆنەدا
ڕەنگی یەکترمان گرتبوو
ئێمە و بەردەکان
ئێمەو هەورەکان
ئێمە و میتالا و ژەنگەکان )
دەستێك دالەکانی دووردەخستەوە
دەستێك گورگەکانی ڕاودەنا
دەستێك تەزرە و تۆفانی لادەدا
دەستی دایکم بوو
بەسەر سەرمەوە
*
بارانێکی زۆر باری
ریی هاملتۆن جمەی دەهات
لە پیادە و جێبی شڕ و کەروبار
*
چەك لە هەموو جێ دەبینرا
لەناو پێخەفی خەوتن و لە خەویشدا
*
مزگەوت ئوتێلی پێنج ئەستێرە بوو
هەموو لەوێ دەنووستین
بە کێچ و ئەسپێ وە!
*
خۆشووشتن و جل شۆرین زەحمەت بوو
ژیان کورت کرابووەوە
بەلاڕێدا شۆر دەبووەوە
بەرەو مردن
*
بەبەرزاییدا هەڵدەگەڕام و کەسم نەدەناسی
بە نشێوو دۆڵەکاندا دەچوومە خوار، کەسم نەدەناسی
سەلامم لە هەمووان دەکرد
لە وردە بەردی سەر ڕێش
*
شەقامێکی قیرتاونەکراو بردمییە (قەلادزێ)
غەریبی هات بە پیرمەوە
لەپەڕگەی شار
چەند جەمەلۆنێك هەڵدرابوون
لەو کاخە لە جێی فەردە و بالەکان
پێخەفمان ڕاخست

بۆ چەند شەوێك..

*

کۆڵان دەمار بوون
خوێنیان دەبرد و دەهێنا
هەر دەرگا بوو دەکرایەوە
هەر جانتا بوو دادەنرا
بەیانییەکیان
بایەقووش هێلانەی تێکدا
قفڵا هەر تەنیا خۆی مایەوە بەبێ دەرگا
ـ کەسی بێکەسان لەکوێ بووی؟ـ
*
قۆڵم خستە قۆڵی تفەنگێکی قووتەوە
شتێکم پێ بڵێ ئەی چارەنووسی نادیار
شتێك بڵێ
بەو گۆپاڵە ترسناکە بەچی دەچم؟
ئێرە کوێیە و بۆ کوێ دەچم؟
*
بەفرێکی دوور دەناسم بەفرێکی دوور
ڕاناوەستم تا نەیگەمێ
ئەو بەفرە کەونارایە
چووزەڵە بە زەحمەت سەریان لە ژێری دەرهێنایە
خەون و خولیا ناقۆڵا نەبن ناگەنە سەرێ
زەمهەریری عەدەمە ئەوێ
باڵندەشی ڕەنگیان جودایە، خوێندن و فڕینیان
جا فەرقی چییە فڕین
بەخۆشنوودی یان خەمگینی
لێرە بێ یان لەوێ؟
*
هێلکەی ئاسمان دەبینم
هێلکەی بەفر
لە شیعرێکمدا دەترووکێ
دەبنە کوفر کولووەکانی
شێت دەبم بە نەشئە و نەغمەی
زەڕنە قووتە سپییەکانی
*
حەفت شەو و ڕۆژ تا گەیشتمە هەناسەی خۆم
حەفت شەو و ڕۆژ تا گەیشتمە موورادی خۆم
کوا بەفر و کوا تروووکانی؟
کوا ئەفسوونی مانگ و ئەستێرەکانی؟

www.dengekan.com

*

مامزێکی ڕاونراو بووم
له هەر کەلێك و ڕاوچییەك
لەسەر هەر بەردەو جێ سمی تیرێك
لەهەر ئاوێکدا قەوزەی ڕەش نیشتبوو لەسەربەردەکانی
خەریك بوو دەمردم
که گەیشتمه جێ له (سووسێ)

*

پاڵم بەهەر بەردێکەوەدا کردمه دۆستی خۆم
لەبن هەر دارێك دانیشتم بووه برام
ئێستا دۆڵی خۆشناوەتی
که نامەم بۆ دەنووسێ، دوای ئەو هەموو ساڵه
دەڵێ، کوری خۆم دڵشادا!
میهرەبانه وشەی کور و
ئەو دڵشادە!

*

باران دۆستي سەراسیمەو دڵا ئازادە
لەبن هەرگەڵاو کەپکه شاخێکدا
خۆم شاردبێتەوە
پری کردووه له ئیلهامی تەڕی
وردە گوڵی گەزیزە
بۆ ئەو یادە

*

به دەنگێکی ئۆپیرالی شیعرم بۆ دەخوێنێتەوە، باران
بەدەنگێکی ئۆپیرالی
ئەو دەنگه مەستەی له کوێ  هێناوە؟
ئەو هەموو شەرابەی له کوێ  داناوە؟
به درێژایی ئەو سەفەرە
هەر پێکەوە دەخۆینەوە
هەر پێکەوە مەست دەبین

*

بارانی مێخەکی ژێر سوخمه
بارانی نێرگسی له (گونده ژوور)
ـ هەر زەینەته بۆنی بکەی ـ
بارانی مەخمەلی پەردەی داداوە به ڕووی کێو
که پەردە هەڵدراوە
خودا بەو ڕەنگه مەخمەلییە
هاته خوارێ له (قەسر و ماکۆسان)
باران کراسی سیمداری لەبەرە
پڕ به دەنگم  بانگی دەکەمێ  :  هۆدە!
پڕ حەسرەتم  بۆ باوەشی ئەو بارانه سیمدارە

www.dengekan.com

لێم بدا ڕێژنەی  پڕ ئەفسوونی
بارانی شەبەیخوونی
*
هەر بارانە و چنگێك ئاقیق و گیابەند و ڕازیانەی،
خستۆتە ناو ڕوحم
ئێستا کە لێیان دوور کەوتوومەوە
هەڵیان دەڕێژم
ڕوح لە گەڵیاندا دێتە دەرێ
*
لە کونجێکدا،
بەردێك نووساوە بە دەرکییەوە
دێوێك هات و لایدا
بەڵام کوا کلیل؟
دەرگا لە پشتەوە داخرابوو
ـ سیناریۆکە وا نووسرابووـ
دێوەکە هەڕاجی دەکردم
خۆی دەیفرۆشتم
هەر خۆشی دەیکڕیمەوە
*
چیم چاند و چیم دروێنە کرد
پرسیار یەك نەبوو هەزار
ئەو ڕۆژانە هەناری پڕ ئاو بوون
لەچەند لاوە قڵیشا بوون
*
بەردێك دەیتوانی هەڕەشە بکا
بەردێك دەیتوانی دڵنیام بکا
جا بەرد کەمە؟
لە دەشت و دەر بەرد بێکەسن
لە بێکەسیشە
هەڵدەچنرێن بە پشتی یەکتردا
تا دەبن بە دیوار
*
بەرد فرمێسکە لەو پەڕی دڵڕەقیدا
*
بەرد فێری کردم
چۆن ببم بە شاخ
کە بوومە ئەویش
تازە کەڵکی چی ترم دەمێنێ؟
*
بەرد پرسیاری کرد، بۆ شار چۆڵکرا؟
کەس وەڵامی نەدایەوە

www.dengekan.com

شۆڕش لەپەناو پەسێوان هەڵگیرسا
مەملەکەت باجی دا
*
لە سابڵاخ ـ لەبەر خاتری حەرفی سین ـ
حەشامەتێم ئەلقەی بەست ئاگر بەملەوە
جۆشی دەسەند ئەو ئاگرە
مەیدان پڕ بوو لە نائومێدی
شەوێکیان...
شەوی تر
شەوی تری بە دوادا هات
*
لە مەیخانە
پاش مەستبوون
لەگەڵ غەریبی خۆمدا
لێك نزیك بووینەوە
ئەو خوانەی دانرابوو
ئەو ئاوەی لە کوپە و گۆزەکرابوو
ژەهر بوو
بۆنی خزمایەتی دەهات لەو ژەهرە
لە قۆپچەی کراسی نیوقۆڵ
لەداوی سمێڵ
لە برژانگ
هەوا پڕ بوو لە بۆنی ئەو ژەهرە
بۆن کەوتە ناو پیاڵە
پەنجە ڕەش هەڵگەڕا
لیچێکی زەرد بە لێومدا هاتە خوارێ
*
خەریك بوو پەراسوو دەشکا
شەویلاك خوار دەبووەوە
دەستێك دەخزایە ناو قورگم
ئەو دەستە خیانەت دەکا؟
بەبۆنی خیانەت دەکەوتم
بە بۆنی خیانەت دەمرم
*
لە مەیدانی چوار چرا
بە بێدەنگی چۆکم دادا
ئەوەی لێرە ڕوویان داوە
سەر لەنوێ دەبنەوە
لە شوێنی ترو
سەردەمی تردا
*

www.dengekan.com

ئێمە ئەکتەری فیلمێکی سووتاوین
دەرهێنەری فیلم کێیە؟
*
خەون گوێزە بەر دەبێتەوە
لەناو پەلکی وەریو دەڕزێ
خەون ترێیە ڕێوی دەیخوا
خەون هەنجیرە لە چۆڵەوانیدا
خەون هیچە
هیچە
هیچ
*
لەناو چاودا دەکوژران خەونەکان
لە دەماردا دەپچڕان
گیا بوون لەناو خەزاندا
مەرگ بوون لە گیاندا
دەرزیی بوون لە جەستەی شکاودا
پووچی بوون
پووچی
پووچی
*
سەرچاوەی ئاگر ئەفسانەیە
کێ هێناویە یەکەمجار؟ مەلی پەڕسۆر
یان خشۆك؟
دێو هێزی خەفەیە لەهەناوی ڕابردوودا
تەرازووی عەدالەتی بە دەستەوەیە
ئەو تەرازووە کە لاسەنگ بووە
ئاگری گرتووە
*
دار کونکەرە دندوکی هێند داوە لە دار
ئەو دندوك و ئەو دارە ئاگریان هێناوە
پرۆمسیۆسیش ئەو ئاگرەی دزیووە
ئاگری ئەم دنیایە هی پرۆمسیۆسە
هی ئەو دنیایە هی کێیە؟
*
قەقنەس هات و ئیلهامی خۆی دامێ
*
ئەوەی دەمرێ، دەڵێن: ئاگری کوژاوەتەوە
ماڵی چۆڵ ئاگری تێدا ناکرێتەوە
(١٩٧٤ ئاگر بوو لە دەورییدا خڕ ببووینەوە
کە کوژاوە
هیچ شتێك نەما کۆمان بکاتەوە)

*

لەسەری سەکرانەوە کرمی سوور دێنە خوار
هەریەکیان هێندەی گوجیلەیەکە
کرمی باڵدار
زاریان مەشخەڵە
کلکیان پشکۆ

*

ماڵ لە بناغەوە دەهەژا
کاروانیان بەستبوو کرمەکان
بەهەموو شتێکدا هەڵدەگەڕێن
دیوار دەخۆن
دەرگا دەخۆن
دۆشەك و بالیف و پەتۆ
ئەو دیارییە هی بەفرە یان هی خوای شەڕە؟

*

لافاو ڕوو لە خوار
لە (زارگەلی) شێتێك هاوار دەکا: چەپڵە لێدەن!
چەپڵەی چی؟ هی گاڵتەجاڕی!!
دایکتان دەگێم چەپڵە لێدەن
دەگەڕێینەوە ماڵەکان
ماڵەکانمان لە کوێن؟
کوا ماڵی ئێمەی شێت؟

*

لە پەنای دەمامکەکانەوە ئاوێك گێژەنە
پاشماوەکان بەسەریەوە
هی شۆڕش و
شڕ و شیتاڵ!

*

ئاو سەر و بنی هەیە؟ ژێر و ژوور
چی ناوبنێم ئەو ئاوە
کەنازانم بۆ کوێم دەبا؟

*

سیحرێك هەوا لادەدا لە ڕوو
دەردەکەوێ دووچاوی گریاوم

*

بۆنی ژێرکەوتن لە هەموو شتێکەوە دێ
لە گۆڕیش

*

با بیمە کەوان هەتا هەم
بۆ تیرەکان

*

بۆنی باخچە دێ لە خەمگینی هوزار
بۆنی شەودێ لە ئەستێرە
بۆنی تێکشکان دێ
لە مەملەکەت
*
خەون ناچێتە چاوی خۆر
خەون بەجێمان دێڵێ،
لەساکە گۆڕ
خەون پیاڵەیە دەشکێ
مانگ بۆ غەریبمان دەگریێ
ئاسمان چی نەما ببیەخشێ
پارچە پەڕۆیەکی تۆخە
لە لەشی ڕووتمان دەپچڕێ
*
ئەو مەیە ڕەنگی گۆڕاوە
ئەو بادەیە لە حەژمەتان هەڵبزرکاوە
مەست نابین پێی
بەسەر لێوەوە دەمەیی
ئاڵی نەماوە
*
بۆ هەر کوێ دەچم دڵم پرواى نەماوە
ڕاستت دەوێ
مەگیرانی دەکەم
بەدنیای بەرین
منداڵی ناهێڵێ بچین
دەستی کردۆتە ئەستۆ
واز ناهێنێ
مەگەر لە گۆڕدا خۆی بەکێڵی سەرینم بخافڵێنێ
(ئەو کێوانە کە هاتمەوە منداڵی پێشم کەوتبوو
بۆ چۆڵەوانی)
*
لەناو چرووەکاندا خۆم دەشاردەوە
ڕووی ئەوەم نەبوو بچمەوە
بڵێم لەکوێ بووم؟ لەگەوادی!
*
پێویست بە پەیژە نەبوو بۆ لای خۆر
شەو هێندە ئەنگوستە چاو بوو
نە پەیژەم لەیاد بوو نە خۆر
*
سەعاتی دەستم بادەدا
میل نەدەچووە سەرمیل

لەسەر ژمارەیەك گیر نەدەبوو
چۆن بڵێم،
سەعات چەند بوو ئەوەی ڕوویدا؟
*
ساڵ نەگەیشتەوە نەورۆز
هەفتە نەگەیشتەوە هەینی
ئەو ڕێگایە
چەند درێژ بوو
بۆ گەڕانەوە
*
لە دوورەوە باڵیان لێك دەدا،
تا بێچووەکان بیانناسنەوە
قیژەیان ئاسمانی دەهەژاند
بەو سۆز و ناڵەوە دەیانخوێند،
ئەو بازانە
بۆ بێچووەکان
*
شەو بە پێی پەتی بەڕێوەیە
لە (هەورێ)وە بە پەیژەیەکی مۆر دەچوومە سەرێ
کچێك لەوپەڕی شیندا
بەکەمەری باریکی،
دەیبەستمەوە
(شاگال) هەردووکمانی بە تابلۆیەکدا دەنارد
بۆ شوێنی عاسێ
*
بەناو داری کرۆسك و قەزوان
بەبن پەلکی گێوژ و تالیشك
بە پێڵاوی چەرمی سوور و کراسێکی خەت خەتی پیازیی
لەماڵی هەرمێیەکی کێوی
لەسەرخۆ لە دەرگام دەدا:
نازدارەکە بیکەرەوە!
پەلکەکانم ماچ دەکرد
دەنوشتامەوە بۆ لقە نەشمیلەکان
لەو یالانە بە هەزاران ماچی کوژراو ڕووا بوون
ماڵی منە ئەو هەورێ ـ یە
*
وردە مەرجانی بێ کەسیم کەوتبوو
بەراز لمووزیان لێ دەدا
مردنم لەوێیە
لەناو گۆڕێکی هەوریندا
سەری بە پارچە ساماڵێك داپۆشراوە

چاو لە ڕێیە
*
لەسەر پشتی ڕووناکییەك دەهاتمە خوار
ماڵێك نەبوو داڵدەم بدا
لە ڕۆخی ڕووبار
بە عێدزی خەوتم
*
ئەو بەرزاییانە بێ کۆتان
ئەو نشێوو نواڵانە بێ هاوتان
دەڵێی ئەو سەری دنیایە (ماکۆك)
هەتا چاو هێزی تێدایە هەر لاشە کەوتوون
ئێسك و پرووسکی جەنگەکان
هی کۆن و نوێ
جەنگ کوا کۆنە و کوا نوێ؟
*
پوونگ و نەعناع و وەنەوشە
بۆنیان بزرکردووە
باڵندە دندوکیان دەگێڕن
لەناو جومگەی مردووەکان
ئاوێکی چەور لەو چاڵانە دەخۆنەوە
بەو ئاوە کوێر دەبن
هەورێك ئاسمان ڕادەکێشێ بەدوای خۆیدا
بارانێك شك نابا
بۆ گریان
سێبەرێك شك نابا بۆ پشوودان
*
لەکۆنە بیرێکدا، دەنگێك دێ و بانگم دەکا
لەناو بەردەکاندا دەنگ دەداتەوە
ئەو دەنگانە نەعارەبین نە فارسی نە تورکی
کوردیین، کوردییەکی کۆن
لۆلۆیین گۆتین
میدیایین
بە ئاواز و سەنگینی وشەکانییەوە دەناسرێن
بۆم شی ناکرێتەوە مانا و مەغزایان
بەمەزەندە دەڵێم،
ئەو جەنگانە بۆ نەپڕایەوە؟
بۆ خۆم وای لێك دەدەمەوە
*
هەرچی کوپە شەراب هەیە نێژراون
هەرچی ڕم و شیر و تیرە
هەرچی چەکە

لەبن بەرد و ژێردارەکان دانراون
ژنێك لەودیو خەیاڵەوە
مەمکی ڕووتی خستۆتە زاری چیاوە
شیرێکی زەرد قەتماغەی بەستووە
بەسەر لێوی لوتکەوە
بەمەزەندە دەڵێم، هی ژنێکە
ئەو دوو قاسیدەی ناردووە
تیرێك هاتووە پێکاونی
قابیل لێرە هابیلی کوشتووە
قەلەڕەش سەری ماکۆکینیان گرتووە
(ئەو هەموو ڕەنگە ڕەشەیان لە کوێ هێناوە)
*
سەبایەك دێتە گوێم
سەرەتای بوونە
بەو ئاوازە دەزانم تاریك و ڕوونە
کوێ ماوە لەم گەردوونە،
جەنگ نەیگاتێ؟
لە سەبا دەپرسم
هەر دەنگدانەوەی خۆم دێتە گوێ
*
ئاگرێك دەکەمەوە بۆ تەنیاییم دەگریم
*
لەماڵی دێوەکان نزیك دەبمەوە
کوولەکەی ڕوحی ماندووم دەشکێنم
لەپەنا کەڤرێکدا
خۆم لەگەڵ بێ هوودەییدا ڕادێنم
*
جۆگەیەك بە پێچاو پێچی قەناعەتی
تێم دەگەیەنێ
ئێرە ناوەڕاستی دنیایە
(ئەو سەر و ئەمسەری دنیام لەدەست چوو
ناوەڕاستم بۆ چییە؟)
*
شەوێکیان نووستم و دوای حەفت ساڵ هاتمەوە
ئەو شوێنە
پڕببوو لەمار
*
(وەرتێ) پەرستگایە
خودا دەمێکە بەجێی هێشتووە
*
لەناو چاڵە بەفرەکان

سیمرخێك باڵ لێك دەدا
لاسکە ڕێواسێك سەر دەردێنێ
ئەو دیمەنە هێمایە
بۆ سەرلەنوێ دەست پێکردنەوە
بەو مانایەی ژیان کۆتایی نایە
لە (کارۆخ)ەوە
تەماشام کرد
ڕوح بەو باڵە بچووکانەوە دەفڕێ
نازانم بۆ کوێ؟
*
قایمە ئیمانم
قایمی میتاڵە
ئیمان شل
ئەو دوو دژە لە کوێ گەیشتنە یەك؟
چۆن باوەڕیان بەیەك هێنا؟
*
ئاوی زوڵم هەڵکشاوە
ماسی منداڵی لەو ئاوە دەگەڕێ
ڕاوچییەکان لەسەر بەردی قەراخ دانیشتوون
هەر بۆ هەوەس و کات بەسەر بردن
قوللاب دەخەنە ناو ئاوێ
ماسییەکان پێوە دەبن
*
نووحی من وەرتێیە
گەمێی من وەرتێیە
*
بەپانی باڵەکایەتی زریان هەڵدەکا و ناچەمێمەوە
بە درێژی لکی دارێك
دەچەقێ لە دڵم
*
دەست بەرز دەکەمەوە
ئەو زریانە کپ بێتەوە
ئەو ئاوە بنیشێتەوە
کێ دەستی بەرزم دەبینێ؟
کێ گوێ دەگرێ لە پاڕانەوەم؟
*
لە خۆشناوەتی، ژنێك
چرای ژووری کوژاندمەوە
گڵێنە داگیرساند
*
پایز کۆتایی وەرزەکان نییە

وەرزێکی جوداپە
هی ڕژانی گەڵایە
هی گەیشتن بە خودایە
تێپەڕاندنی مەودایە
(کە هاتمەوە ئەو وەرزە پێشم کەوتبوو
قەناعەتی پێ هێنام،
بەو ژیانە قایل نەبم
کە مردن دەیبەخشێ پێم)
*
مام هادی بە تی چاو تەماشای تەندوورەکەی دەکرد
وتی، دڵشادا!
ئەو ئاگرە ئەگەر لێرەش دامرکێتەوە
لە شوێنی تر دەکرێتەوە

٢٠١١
هەولێر

www.dengekan.com